# میسیۆ برایم
# و
# گوڵەکانی ناو قورعانەکەی

## شاکاری: ئێریک ئیمانۆئێل شمیت

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە
سەلاح گادانی

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٦




**ناوی کتێب: میسیۆ برایم و ۆلکانی ناو قورعانەکەی**

– نووسینی: ئێریك ئیمانۆئێل

وەر ێڕانی: سەلاح ادانی

– نەخشەسازی ناوەوە: ۆران جمال رواندزی

– بەرگ: سەیوان سەعیدیان

– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– ژمارەی سپاردن: ٤٠١

– تیراژ: ١٠٠٠ دانە

– چاپی یەکەم ٢٠٠٦

– نرخ: ١٥٠٠ دینار

– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب –٦٧– (١٧٠)


PDF4Kurd


ناونیشان

دەز ای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.co

ژمارەی تەلەفۆن : 2260311

www.mukiryani.com

کاتێک پازدەساڵە بووم، دەخیلە ڕەنگبزڕکاوەکەم شکاند و چووم بۆ قەحبەخانە.

دەخیلەکەم بەرازێکی چینی ڕەنگبزڕکاو بوو کە بە کەلێنێکیدا وردەپووڵم تێداویشت، هەرچی چووبا ناویشی هاتنەدەرەوەی بۆ نەبوو و ئیتر نەدەکرا لێی بدزییەوە. ئەم دەخیلەیە بابم بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە ژیان، کە دەیگوت: پارە بۆ پاشەکەوت کردنە نەوەک بۆ سەرفکردن، بۆی هەڵبژاردبووم.

لە ناو ریخۆڵەکانی بەرازەکەدا دووسەت فرانک، واتە بارتەقای مووچەی چوار حەوتوو کاری تێدابوو.

سەر لە بەیانییەک بەرلەوەی بەرەو قوتابخانە وەڕێکەوم، باوکم گوتی:

مووسا! تێناگەم... پارە دیار نیە...، پاشان بێ سێودوو گوتی: لەمەو بەدوا هەرچی خەرجی دەکەی و بەچی دەدەی، لە دەفتەرەکەی چێشتخانەدا بینووسە!

جاوەرە هەڵکە! ئەوە کە لە قوتابخانە و لەماڵەوە سەرکۆنە دەکرام، جلکم دەشۆرد، دەرسم دەخوێند، کەلوپەلی ماڵەوەم دەکڕی، چێشتم لێدەنا، تەریک و تەنیا لە ناو ماڵێکی گەورە و تاریکدا بێبەش لە خۆشەویستی؛ نەک کوڕایەتی بەڵکوو غولامی باوکێکی پارێزەری



ڕەبەنم دەکرد، بەس نەبوو، ئەوجا تۆمەتی دزبوونیشم لێدەدرا. جا کە دزی کردن و نەکردنی وەکیەک بێت، دەکرا دزییەکەش بکەم.

ئەو دووسەتفرانکەی ناو ورگی بەرازەکە بەشی سەردانێکی قەحپەخانە و لەگەڵ بوونی یەکێک لە ژنەکانی وێی دەکرد.

ئەم ژنانەی لە سەرەتای شەقامەکەوە تووشیان بووم داوای پێناسەیان لێکردم. سەرەرای دەنگ وقەڵافەتم – کە قەڵەو وەک بەرازی دابەستە وابووم_ گومانیان دەکرد کە تەمەنم هەژدە ساڵ بێ، وەک بۆ خۆم دەمگوت.

لە راستیدا باشیان دەناسیم. من لە گەڕەکێدا بە بەرچاویانەوە گەورە ببووم و بەردەوام دەیانبینیم، کە چۆن هەڵدەدم و تەواوی ئەو ساڵانەی کە بە قەرتاڵەی سەوزیوتەڕەوە بە قۆنەقۆن، بنديوار و بنديوار بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە، لێیان شاراوە نەبوو.

لە بنەبانی شەقامەکە ژنێکی تازەکار کە پێشتر قەتم نەبینی بوو، لە شیپانەی دەروازەی یەک لە ماڵەکان وێستابوو. ژنێکی گۆشتنی جوان وەک تابلۆی شێوەکار. پارەکانم نیشانی دا، بزەیەکی هاتێ.

- هەژدە ساڵی؟

- هەڵبەت، ئەم بەیانییە رێک بوومە هەژدە.

وەسەرکەوتین و چووینە ژوورەوە. بڕوام نەدەکرد ڕاستبێ. ژنە هەر بیستودوو ساڵ تەمەنی بوو و ئێستا ئیتر ئەو تەنیا هی من بوو.

ژنە فێری‌کردم کە چۆن دەبێ خۆم بشۆمەوە وهەروەها لە کاتی نیزیکی‌دا دەبێ چ بکەم. دیارە ئەو شتانەم هەموو دەزانی بەڵام لەلایەک بۆوەی بە خۆیدا نەشکێتەوە و لە لایەکیش چونکە دەنگی‌ژنانەی لە گوێم دا، زۆر هەستبزوێن بوو، لێی گەرام قسەی خۆی بکا.

...تەواوی کات لەوانەبوو لەخۆ بچم و ببووریمەوە. کە لێ‌بووینەوە زۆر بە هێدی دەستێکی بە سەرمدا هێنا و گوتی:

دەبێ بێیەوە و گوێزەبانەیەکی چووکی‌شم بۆ بهێنی.

کە زانیم دیاری‌یم لە بیرکردوە، وەک ئاوی ساردم پێداکەن وابوو و بەشێک لەو هەستە خۆشەم تێدامرد.

هەرچۆنێک بێت ئێستا ئیتر ببووم بە پیاو و لە ناوگەلی ژنێکدا تەڕ ببووم. لەکاتێکدا هەروا ئەژنۆم دەلەرزی و بە زەحمەت دەمتوانی لەسەر پێیان بوەستم، گازندەی خۆم دەکرد کە بۆ گوێزەبانەم لەبیر چووبوو.

نیوە ڕاکردن و نیوە ڕۆیشتن گەیشتمەوە ماڵێ و خۆم بە ژوورەکەم داکرد. سەرم بە هەموو کەلێن‌وقوژبنان‌دا کرد و جوانترین شتی کە هەمبوو، دەستمدایە و بەڕاکردن بەرەو شەقامی "**بەهەشت**"[1]

1- Rue de Paradis/ بەهەشت



گەڕامەوە. ژنە هەروەک جاری‌پێش لە دەرگای‌ماڵەکە وێستابوو. "ورچۆکەم"[2] دایە دەستی.

*****

هەر لەو سەروبەندەش‌دا بوو کە "میسیۆ برایم"م ناسی.

لەوەتا وەبیرمدێ میسیۆ برایم هەروا پیر بووە. تێکرای دانیشتوانی شەقامەکانی " **شین**"[3] و "فاوبۆرگ پۆیسینێر"[4] دەیانتوانی بێ ئەملاوئەولا وەباڵ بەئەستۆی بۆ بکێشن کە میسیۆ برایمیان هەموو ڕۆژێ لە هەشتی سەر لەبەیانی‌یەوە تا دوازدەی نیوە شەوێ لە دوکانەکەی خۆی بینیوە.

میسیۆ برایم ڕووپۆشێکی ڕەساسی لەسەر کراسە سپی‌یەکەیەوە لەبەردەکرد و لەسەر کورسیلەی پشت داخڵە و تەرازووی دوکانەکەی دادەنیشت و قاچەکانی دەکێشایە ژێر مێزەکەوە.

ڕیزە ددانێکی سپی لەژێر سمێڵێکی پڕ، چاوە پستەیی و مەیلەو قاوەیەکانی کاڵتر لە پێستی، کە جێ‌پەنجەی تاڵوسوێری ڕۆژگاری پێوە دیاربوو، دیمەنی قەڵافەتی پیاوێکی ژیر و دونیادیدەی دەخستە ڕوو.

٢- "بووکە شووشە"

3- Rue Bleue/ شین

4- Faubourg- Poissonnière

هەر ئەوەش بوو کە تێکرای گەرەک میسیۆ برایمیان بە پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو دەناسی. ئەم بۆچوونە کاتێک لە زەینی گەڕەکدا جێی خۆی کردبووە کە میسیۆ برایم چلساڵی رەبەق، تاقە عەربی گەڕەکیجوولەکان بوو. میسیۆ برایم بە دەگمەن دەدوا بەڵام زۆربەی کات بزەی لە سەر لێوان بوو و خۆشی لە ئیشوکاری خەڵکی هەمیشە سەرقاڵی پاریس، هەڵنەدەقوتاند.

لە کاتی هەنگامەو هەڵاوبگریشدا هەروا مەند و لەسەرەخۆ بوو، قەتیش لەسەر کورسییەکەی هەڵنەدەستا،دەتگوت لێک قایم کراون. نیوەشەوانە بێئەوەی سەر مێزەکەی خاوێنکاتەوە ونەدەبوو و کەس نەیدەزانی تا هەشتی بەیانی رۆژی دوایی لەکوێ دەمێنێتەوە.

هەموو رۆژێ شتومەکی ماڵیم دەکڕی و چێشتم لێدەنا. هیچکاتیش جگە لە خواردنی کۆنسێرڤکراوی[٥] ناو قوتوانیش زیاتر چیترم نەدەکڕی. ئەوەش لە بەر ئەوەی نەبوو کە پێم وابێ ئەم خواردنانە تازە و هی رۆژن، بەڵکوو لەبەرئەوەی لە لایەک باوکم رۆژاورۆژ پارەی دەدامێ تا خەرجی ماڵەوەی پێبکێشم و لە لایەکیش دروستکردنی ئەم چەشنە خواردنانە ئاسانتر بوو.

ئەودەمە کە بۆ تەمێکردن و سەزادانی بابم دەستم پێکرد لێی بدزم، میسیۆ برایمیشم بیبەش نەکرد و لە ئەویشم هەر دەدزی.

٥- خواردنی قاورمە کراو، کە دەکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر رابگیرێ/ وەرگێر



لەوکارەی خۆم هێندیک شەرمم دەکرد بەڵام بۆوەی دەروەستی خۆم بێم، تا دەگەیشتمە سەر سندووق بەردەوام بۆخۆم بەخۆم دەگوت :

" هەر چی بێ کابرا عەرەبە، گۆڕی گیانی بێ."

هەموو جارێ چاوم دە چاوی میسیۆ برایم دەبڕی و زۆرتر لەسەر کارەکەی خۆم سووردەبووم و هەمدیسان دووپاتم دەکردەوە کە؛

"هەر چی بێ کابرا عەرەبە، گۆڕی گیانی بێ."

- من عەرب نیم مەمۆ، من لە وڵاتی هیلالی زێوینەوە هاتووم.

کەلوپەلێکی کڕیبووم کۆمکردەوە، خێرایەکی لە قەرتالەکەم هاویشتن و چەنەداکەتوو لە دوکانەکەی میسیۆبرایم وەدەرکەوتم. وا دیارە میسیۆ دەتوانێ بیر و هزری من بخوێنێتەوە کە دەزانێ من چون لەسەر ئەو بیردەکەمەوە. لەوانەیە بشزانێ کە فێڵی لێدەکەم.

رۆژی دوایی تەنانەت کۆنسێرڤێکیشم لێنەدزی، بەڵام لێمپرسی:

- هیلالی زێوین چییە؟

هەڵبەت بەدرێژایی شەویپێشوو، میسیۆبرایم لەسەر سووچێکی هیلالی مانگ کە وەک زێو دەدرەوشایەوە، دانیشتبوو و بە نێو ئەستێرەکاندا دەگەڕا، لە پێش چاوم ونەببوو.

- مەمۆ! هیلالی زێوین،  ناوچەیەکە لە نێوان ئاناتۆلی و ئێران هەڵکەوتووە.

ڕۆژی دواتر کاتێک کیسە باخەڵییەکەم بەدەستەوە بوو تا حیسابی لە گەڵ بکەم، گوتم:

- ئەمن ناوم مەمۆ نیە، ناوم مووسایە.

بۆ سبەینەکەی ئەمجار نۆرەی میسیۆ بوو.

- دەزانم ناوت مووسایە، هەر بۆیەش بە مەمۆ بانگت دەکەم چونکە مەمۆ هێندەی مووسا بە ناوەڕۆک نیە.

بۆ بەیانیرا کاتێک لە پێش سندووق وەستابووم و باقی پارەکەم دەبژارد، گوتم:

جا ئەوە چی بە تۆ داوە؟ مووسا ناوی جوولەکانە خۆ ناوێکی عەرەبی نیە.

- من عەرەب نیم مەمۆ! ئەمن موسڵمانم.

- ئەی ئەگەر عەرەب نی بۆ هەمووکەس لە گەڕەکدا بە عەرەبت دەناسێ.

- مەمۆ! لە ئیش‌وکاری بەقاڵیدا عەرەب یانی ئەو کەسەی لە هەشتی بەیانیرا تا دوازدەی نیوەشەو کاردەکات، تەنانەت ڕۆژانی یەکشەممەش.



دەمەتەقەکەمان بەمچەشنە بەردەوام بوو. ڕۆژێ ڕستەیەک، کاتمان زۆر بوو. ئەو پیاوێکی بەساڵاچوو، منیش لاوێکی هەرزەکار.

وا بەدەم دەمەتەقەوە ڕۆژنارۆژێک قوتووە کۆنسێرڤێکم لێدەدزی.

باش بوو" بریژیت باردۆ"[6] پەیدا بوو ئەگینا وەکی ئێمە بە پێخۆر قسەمان دەکرد لەوانە بوو بۆ گفتوگۆییەکی یەک سەعاتە،  یەک تا دوو ساڵ تەمەنی خۆمان لەسەردانابا.

هەنگامەیەکی سەیر بوو، هامووشۆی ئۆتۆمۆبیلەکان وەستابوو و شەقامەکان بۆ فیلم هەڵگرتن قۆرغ کرابوون.

نێرومێ بە پانەوە ڕژابوونە سەر شەقامەکانی " شین"، " پاپیلۆن"[7] و " فاوبۆری پۆیسونیەر" و سەریان لە دووی یەک نابوو. هەرچی ژنەکان بوون بەدوای ئەوەوە بوون  کە لە سەیری جلوبەرگ و جوانی سێحراوی برژیت باردۆ کە باوی ڕۆژ بوو، بێبەری نەبن. کەچی ئاسۆی بیر و خەیاڵی پیاوەکان لە پشت دێخونەکانیان قەفی خواردبوو و زۆرتری بڕنەدەکرد.

ئێستا ئیتر برژیت باردۆ گەیشتبووە جێ، بە زیندەسەر و نەک لە سەر پەردەیسینەما ئەبینرا. منیش لە پشت پەنجەرەوە سەیرم دەکرد. بینینی " برژیت باردۆ " پشیلەی دراوسێیەکەمانی لە قاتی چوارەم وەبیر

6- Brigitte Bardot
7- Rue Papillon

خستمەوە. پشیلەیەکی گچکەی خنجیلانە کە زۆر بە حەزەوە لە سەر باڵکۆن، خۆی لەبەریەک دەکێشاوە، لە بەر خۆرەتاو خۆی هەڵدەخست؛ هەناسەکێشان، چاوتروکاندن و ژیانی ئەم پشیلەیە تەنیا بۆ راکێشانی سەرنجی رێبوارانی سەر شەقام بوو کە بە وێدا تێدەپەڕین.

کە هێندێکیتر لێیخوردبوومەوە وێکچوونێکی یەکجار زۆرم نێوان برژیت باردۆ و قەحبەکانی شەقامی "بەهەشت" بەدیکرد و بۆم روونبۆوە ئەوە "ژنەکانی" سەرشەقام بوون کە بۆ راکێشانی مشتەری، بە جلوبەرگ و سووراوسپیاو، لاسایی "برژیت" یان دەکردەوە.

لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە بینیم میسیۆبرایمیش هاتۆتە دەرێ و لەبەر دەرگای دوکانەکەیەوە سەیری برژیت باردۆ دەکات. ئەوە یەکەم جار بوو_لانی کەم لەوەتی من لە دایکم ببووم_ میسیۆبرایم کورسییەکەی بەجێبهێڵێ.

کاتێک سەیری "باردۆ"م دەکرد کە لە گەڵ هەموو هەناسەیەک سینگومەمی لەپێش کامێراکاندا هەڵبەزدابەزی دەکرد، بیرم بۆلای ئەو ژنە چوو کە کوڕێنییەکەم پێدۆڕاندبوو و ئێستا بێچووە ورچەکەی منی لە باوەش دایە.

بە دەرفەتم زانی تا میسیۆبرایمیش بە "برژیتباردۆ"وە سەرقاڵە، سەرێک بە دوکانەکەیدا بکەم و چەند قوتولکەیەکی کۆنسێرڤ لێبدزم.



بەڵام بۆ نەگبەتی و لە بەر بێبەختی خۆم کە هاتمە خوارێ بینیم، میسیۆ گەڕابۆوە سەر کورسییەکەی و لە جێی جارانی دانیشتبوو.

میسیۆ برایم گەشابۆوە، چاوەکانی پێدەکەنین و بەکەلێنی کۆگا سابونەکانی بەردەم دوکاندا چاوێکیشی هەروا بەسەر "برژیت باردۆ"وە بوو. قەتم میسیۆبرایم ئەوتۆ نەبینی بوو.

- میسیۆ برایم، ژنت هەیە؟

- بەڵێ، ئەی چۆن، بەڵێ هەمە.

دیار بوو رانەهاتبوو خەڵک پرسیاری لێبکەن.

- میسیۆبرایم! ئەگەر لەگەڵ خێزانت و "برژیت باردۆ" لە ناو گەمێیەکدا، لە دەریادا بان و گەمێیەکەتان وەرگەڕابا، چیت دەکرد؟

- گـــرێوێ دەکەم خێزانم دەیتوانی مەلە بکات.

نەمدەزانی کە چاوەکانیش دەتوانن قاقا لێبدەن. وەک هی میسیۆ برایم کە ئێستا ئیتر بەدەنگی بەرز قاقایان لێدەدا.

لە ناکاو میسیۆ برایم وەک پێشمەرگەیەک خێرا هەستایە سەرپێ و شەق راوەستا. لەو کاتەدا "برژیت باردۆ" هاتە ژووری بەقاڵییەکەوە.

- رۆژباش! دەمویست چۆڕێک ئاو بکڕم.

- بەڵێ، زۆرباشە مادام!

ئـەوەی قـەت رووی نـەدەدا ، روویـدا. میـسیۆ بـرایم بۆخـۆی چـوو شووشەیەک ئاوی لە رفەکەرا هێنا و دایە دەستی.

- زۆر سوپاس، دەبێتە چەند؟

- چلفرانک، مادام!

"برژیت" بەبیستنی چلفرانک واقی ورما، منیش هەروا. چونکە ئەو سەردەمی شووشەیەک ئاو بە دووفرانک بوو، نە چلفرانک.

- نەمدەزانی وا بێ ئاون!

- لە ئاو کەمیمان نییە، مادام، بەڵام هەموو رۆژێ ئەستێرە لێرە دەرناکەوێ.

هێندە وەستایانە و تێکەڵ بە بزەیەکی شیرینەوە ئەمەی پێوت کە "برژیت" لە شەرمان تۆزێک سوورهەڵگەرا. چلفرانکەی دانا و رێی خۆی گرتەبەر.

من هەروا واقم ورمابوو.

- پەکوو ماڵتە میسیۆ، قۆڵیت بری.

- ئەی چۆن مەمۆ، منیش دەبێ پارەی هەموو ئەو قوتووە کۆنسێرڤانەی لێمدەدزی، دەربهێنمەوە.



ئەمرۆژە دەسپێکی دۆستایەتی من و میسیۆ برایم بوو. بۆیە بڕیارمدا لەمەوبەدوا بچم و لە شوێنێکیتر قوتولکە کۆنسێرڤەکانم بدزم کەچی میسیۆبرایم سوێندیدادام و وتی:

- مەمۆ! ئەگەر هەر قەرارە بدزی، وەرە هەر لە خۆم بدزە.

میسیۆ برایم کۆمەڵێک فرتوفێڵی فێرکردم کە چۆن فێڵ لە بابم بکەم و لێیبدزم، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ. بۆ وێنە نانی کۆن و فەتیرم دەکڕی، لە فڕنەکەدا گەرمم دەکردەوە و دەرخواردم دەدا. گەلێک جاران بڕشتی کاسنییەتاڵەم[8] تێکەڵ قاوەکەی دەکرد، یان کیسەچایەکانم چەندجار دەمدەکردنەوە و تەنانەت ئاوم وەپاڵ شەرابەکەشی دەگێڕا.

سەرتۆپی هەمووی فێڵەکان، گالتەی پڕ بەپێستی میسیۆ برایم بە دونیای دەوروبەری بوو کە فێریکردبووم. ئەویش جێگۆڕکێی کۆنسێرڤیسەگان بوو بە پاتە[9]، کە بۆ باوکم دادەنا.

لە سایەیسەری میسیۆ برایمەوە، درزێک لەو دیوارە یەکدەستەی گەورەکان بە دەوریاندا کێشابووم و دەمێکبوو بێئاکام دەمکوتا، پەیدا ببوو و لەو دەلاقەشەوە دەستێک لە هانای منەوە هاتبوو.

*****

٨- جۆرێک گیا تاڵەیە کە دەمدەکرێ و دەخورێتەوە. ئوروپییەکان کاتی خۆی کە قاوە زۆر گران بووە گیا تالەیان هاڕیوە و رەگەلیان خستووە.

٩- جۆریک خواردنە لە گۆشت کە ماوەیەکی زۆر دەیکوڵێنن و بە قالب دەریدێنن .

دیسانیش دووسەت فرانکم کۆکردبووە و دەمتوانی جارێکیتریش پیاو بوونی خۆم بسەلمێنم.

به شەقامی"بەهەشت"دا داگەڕامە خوارێ و یەکراست رووومکردە ئەو دەرگایە کە خاوەنی ئێستای "بێوەڵە ورچ"ەکەمی لێرادەوەستا. ئەمجارەیان سەدەفێکی دەریاییم پێبوو کە خۆم بەدیاری وەرمگرتبوو سەدەفێک بوو لە دەریایگەورەوە.

ژنە بزەیەکی هاتێ.

راست لەودەمەیدا کابرایەک وەک فیشەکە شێتە، دەتگوت هەڵۆیە و نێچیر دەرفێنێ لە کۆلانی تەنیشتمانەوە بەرەو رووم هات و یەکێک لە جندەکانی گەڕەکیش سەری لە دووی نابوو و یەکبین دەیقیژاند و هاواری دەکرد:

ئەو دزەی بـــگـــرن! جانتـــاکـــەم! ئەو دزەی بـــگـــرن!

بێ ئەوەی خۆ شلوێبکەم، قاچێکم بردە پێش. چەندمیتر ئەولاتر کابرای دز کە هەڵەنگوتبوو! یەک بە کۆلانەکە راکشابوو، منیش کەوتمە سەری.

کابرای دز چاوێکی لێکردم، کە بینی رووتەڵەیەکم، ددانەکانی لە چیرەوە برد، تەمای بوو هەستێتەوە و دەستێکی باشم بکوتێ. بەڵام چونکە ژنە هەروا یەکبین هاواری دەکرد و خەریکبوو خەڵکمان وەسەرگێڕێ، کابرا وای بەباشترزانی خۆی دەربازبکات.

باشبوو شوکور قیژەوهاواری ژنە جێگای ماسولکەکانی منیان گرتەوە.



ژنە بە خۆی و پێڵاوە پانێبڵێندەکانییەوە گەیشتێ و بەسەرمدا داهاتەوە. کیفەکەم بۆ راداشت، رایپسکاند و بە سینگومەمی نیوە رووتییەوە نووساند کە ئێستاش لە بەر ماندوویی راکردن، لە جۆلانە دابوون.

- ســـوپاس کـــوڕی بـــاش! چۆن وەلامی چاکەت بدەمەوە، لەگەڵ گانێکی بەلاش چۆنی؟

ژنە هەرنەبێ سیساڵ دەبوو. بەڵام میسیۆ برایم هەموو دەم دەیگوت : پیاو نابێ دڵی ژنان بشکێنێ.

- بۆ نا

چووینە سەرێ. ئەو ژنەی وا بێوەلە ورچەکەی منی لە لایە، لەوەی کە یەک لە هاوکارەکانی، مشتەری لەدەست دەرهێنابوو، دڵئێش بوو. کە بە تەنیشتیدا تێپەڕبووین بە ئاسپایی و لە بەرخۆیەوە، وا دەکا:

- بەیانی وەرە منیش یەکی بەلاشت دەدەمێ.

کە چی من تا رۆژی دوایی خۆم بۆ رانەگیرا و هەر ئەو رۆژە سەرێکم لێ هەڵێنا.

ناسیاوی لەگەڵ میسیۆ برایم و تێکەڵاوی لەگەڵ جندەکان، هەڵکردن لەگەل باوکمی گەلێکیتر تاقەتپروکێن کردبوو. بێ ئەوەی خۆم بمەوێ دەستمکردبوو بە بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنێکی پڕ ئێش و ئازار. لە کاتێکدا لەلای باوکم هەستم بە بێناوەرۆکی، بێمانایی و ساردوسڕی ژیان دەکرد، ئاخاوتن لەگەل میسیۆبرایم کاردانەوەیەکی پێچەوانەی

هەبوو، هێوری دەکردمەوە و بۆژیان هانی دەدام. لەباوەشی جندەکانیش دا ساردوسڕی ڕۆژگارم لە بیر دەکرد و هێزی سێحراوی دەست بەسەردا کێشانم، بە قوولی هەست پێدەکرد.

سەیرێکی کتێبخانە تا بنمیچ هەڵچنراوەکەی باوکم کە بە میرات بۆی بەجێماوە، دەکەم. ئەم هەمووە کتێبانە کە دەڵێن هەڵگری چۆڕاوەی بیر و هزری مرۆڤایەتین و تێکرای یاساکان و قورسترین فەلسەفەکانیان لە خۆیاندا جێ کردۆتەوە، لە تاریکیدا دەدیت. چونکە هەر پەنجەرەم کردبایەوە لەمێژ بوو هاواری باوکم کە دەیگوت :

دەربیجەکان داخە مووســا! نوور بەرگی کتێبەکان خراپ دەکات، لەبن گوێم دەزرینگایەوە.

باوکم لەکاتێکدا شۆقی زەردی چرای پشتسەری وەک ویژدانێکی نەخۆش؛ خۆی و لاپەرەکانی کتێبەکەی لە ئامێز گرتووە، لە ناو مۆبڵە تاکەکەسییەکەیدا پانبۆتەوە و خەریکی خوێندنەوەیە، بەم چەشنە خۆی لە پشت دیوارێک بە ناوی زانست، کە لە دەوری خۆی هەڵچنیوە، زیندانی کردوە.

باوکم ئیتر بارتەقای سەگێکیش بایخی بۆمن دانەدەنا، تازە هەر چەند زۆریشی بێز لە هەرچی سەگە دەبۆوە. ئەگەر جاروبار وەک سەگیش کرووزابامەوە، قەتنەبوو جارێک ئێسقانێک لە دەریای زانستی خۆی بهاوێتە بەردەمم.



- ئهـــم ، ببورە.

- بێدەنگ بە مووسا! خەریکی خوێندنەوەم، دەبینی سەر قاڵم، و کارم هەیە.

سەراوان و بناوانی قسەی، کار کردن بوو و خۆی پێ لە هەموو گفتوگۆیەک دەرباز دەکرد.

- ببـــــورە بابە.

- یادی بەخێر، پوپۆلی برات وەک تۆ نەبوو.

پوپۆل نازناو و پێوانەیەک بوو کە لێنەهاتوویی منی پێ دەستنیشان دەکرد. هەرجارێک هەڵەیەکم کردبا باوکم خێرا بیرەوەرییەکی پوپۆلی برا گەورەمی بە گرچووی دادەدام.

پوپۆل لەو قوتابییە زیرەکانە بوو. پوپۆل زۆر حەزی لە دەرسی بیرکاری بوو. پوپۆل قەت بانووەکەی[١٠] حەمامی پیس نەدەکرد. پوپۆل هەمیشە میزی ڕاست لە کونی مبالێ دەکرد. پوپۆل هێندەی باوکم حەزی لە کتێب خوێندنەوە بوو.

ڕاستییەکەی گەلێک خۆم بە بەختیار دەزانی کە دایکم دوابەدوای هاتنە سەر دنیای من، پیلی پوپۆلی گرتبوو و ڕۆیشتبوو. چونکە هەر ئەوەی

١٠- وانی حەمامێ، شۆرکە

بیرەوەرییەکانیم بە چاوی دادەدراوە بۆ حەوتپشتم بەسبوو. هاتبا و پوپۆلی ئاوا ریکوپێک لە ماڵدا لەگەڵمان ژیا با، لە مێژبوو دیقم پێکرابوو.

- بابـــە، پێتوایە پوپۆلی برام منی خۆشویست بایە؟

باوکم خێسەیەکی لێکردم و هێندێکم لێ مۆن بۆوە و گوتی:

- پرسیارێکی قۆر.

ئەوە تەنیا وڵامێک بوو وەرمگرتەوە، پرسیارێکی قـــۆر!

منـیش لـە بابمـەوە فێرببـووم هـەر بـە چـاوی گومـان و رق و قینـەوە سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد.

ئەوەی کە لەگەڵ کابرای عەرەب، جا با عەرەبیش نەبێ_ چونکە عـەرەب یـانی ئـەو کـەسـەی کـە شـەوورۆژ کـاردەکـات، تـەنانـەت رۆژانـی یـەک شـەممـەش_ هاموشـۆم هـەیـە، یـان ئـەوەی کـە یارمـەتـی جندەیـەکی سەرشەقامم دابوو، هی پرێسکەی دڵی خۆم بوو و نەدەکرا لە رووگەی ئاشکرای ژیانم دا بەدی بکرێ.

رۆژێک میسیۆ برایم لێی پرسیم:

- مەمـــۆ! بۆ قەت پێناکەنی؟

ئەم پرسیارە وەک مستەکۆڵەیەک لەناکاو بەرەورووم ببۆوە و هیچ بیرم لێ نەکردبۆوە.

میسێوبرایم، پیکەنین بۆ ساماندارەن هاتووە، ئەمن قەوەم پێناشکێ.



بۆوەی قەڵسەم لێبگێرێ لەبەرخۆیەوە دەستی کرد بە پێکەنین.

- بۆ تۆ پێت وایە من مرۆڤێکی ساماندارم؟

- هەرچی بێ تۆ هەمیشە داخڵەکەت پڕە لە بەستەپوڵ. کەس ناناسم وەک تۆ رۆژ تا ئێوارێ هێندەی پارە لەبەر دەستدا بێ.

- بەم پارانە شتومەکی ناو دوکان دەکرم و کرێ دوکانی پێدەدەم. سەری مانگێ دوای ئەم دەرچوونانە شتێکی وا نامێنێتەوە، تێدەگەی؟

دیسان بۆ قەڵسە لێگێران زۆرتری دەم پانکردەوە و پێکەنی.

- کە دەڵێم پێکەنین بۆ پیاوی دەوڵەمەندە مەبەستم ئەوەیە کە تەنیا مرۆڤە بەختەوەرەکان بۆیان هەیە پێبکەنن.

- دەڵێم لە هەڵە دای، وانیە. ئەوە پێکەنینە مرۆڤ بەختەوەر دەکات.

- تەح!

- تاقی کەوە! تۆ کورێکی بە ئەدەبی ، وەنییە؟

- لە ناچاریان، دەنا شەق دەزانێ قۆناخ لە کوێیە.

- بەڵام ئەوە باشە کە بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت بکەی، لەویش باشتر ئەوەیە کە مێهرەبان بی.

دەی پێبکەنە! جا ئەودەم دەزانی دەڵێم چی.

ئەگەر هەموو کەس وەک میسیۆ برایم بە شووشەیەک کەلەمبەترشەوە تەماحی وەبەرنابام، منیش هەولێکم هەر دەدا.

رۆژی دوایە هەروەک جندۆکان دەستیان لێوەشاندبم بەدەم هەموو کەسەوە پێدەکەنیم و بزەم لەسەر لێوان لانەدەچوو.

لە قوتابخانە کاتی وانەی بیرکاری، بە پێکەنینەوە گوتم:

نەخێر خاتوونی من، هیچ تێنەگەیشتم. نایزانم.

- قەی ناکا مووسا، جارێکی دیکەش بۆت دەڵێمەوە.

زۆر سەیربوو، نە تووڕەبوو و نە سەرکۆنەشی کردم.

کاتی نانخواردن لە قوتابخانە، بە پێکەنینەوە داوای هێندێکی‌تر شلە و بە دواشی‌دا پارچەیەک پەنیری سەلکی تازەم کرد. بێ یەکودوو لێکردن وێیاندام.

کە چووین بۆ هۆڵی وەرزیش، بیرمکەوتەوە کە پێڵاوی وەرزیشێم لەبیرچووە.

بە پێکەنینەوە بە مامۆستاکەم وت: پێڵاوەکانم دڕاون...

مامۆستاش بەپێکەنینەوە و بێ تووڕەبوون دەستێکی لە شانمدا. واتە یانی قەی ناکا.

دەتگوت سەرخۆشم، هەستمدەکرد هەموو ئیشوکارم رادەپەڕێ. میسیۆبرایم چەکێکی وای نەدابوومێ خۆشەوە بێ.

بەو بزە و پێکەنینەوە تەقەم لە هەموو دونیا دەکرد، ئیتر کەس نەیدەتوانی نەمبینێ و وەک بەرسوورکە پێم رێبخا.



کاتی گەڕانەوە لە قوتابخانەرا بۆ ماڵ، ریگام خوارکرد و خۆم بەشەقامی "بەهەشت"دا کێشا. لەجوانترین جندە کە تا ئیستا چەندجارێک ناکامی هێشتبوومەوە و ملی‌نەدەدا، چوومە پێش.

بە پێکەنینەوە تێی‌راخوڕیم و پێموت:

- لە چی یای؟ بچینە سەرێ؟

- هەژدە ساڵ دەبی؟

لە کاتیک دا نەمدەهێشت بزەم لە سەر لێوان بزربێ، وتم :

- ئەی چۆن، دەمێکە.

چووینە سەرێ.

پاشی دامرکان، لەکاتێکدا خەریکبووم خۆم لەبەر دەکردەوە، چیرۆکێکم لە خۆمەوە سازکرد و گوتم کە رۆژنامەنووسم و خەریکم لە سەر ژیانی ژنەکانی سەرشەقام، کتێبێک دەنووسم. هەڵبەت بەدەم قسانیشەوە ئەوە هەروا بە چەکەکەی میسیۆ برایم یەکبین تەقەی دەکەم. پاشان پێموت ئەگەر حەزبکات هێندێک لە سەر ژیانی خۆی بۆم بدوێ.

- بە راستیتە ، تۆ رۆژنامە نووسی ؟

- بە پێکەنینەوە، ئەی چۆن. لە راستی‌دا هێشتا دەرسەکانم تەواو نەکردووە.

ژنە دەستیپێکرد. منیش لە سینگومەمی کە بە پێی بەسەرهاتەکە جارناجارێک دەلەرینەوە و یان سەروخواریان دەکرد، رامابووم. بۆخۆشم باوەڕم نەدەکرد کە ژنێک هاودەمی من بکا و لەگەڵم بدوێ.

دەمەو ئێوارێکی درەنگ کە باوکم گەڕایەوە ماڵێ، وەک هەمیشە کە خەریکبووم باڵتۆکەی لێوەربگرم هەوڵمدا لە پێشییەوە بوەستم تا لەبەر شۆقی چراکەوە بمبینێ.

بە پێکەنینەوە گوتم، خواردنەکە ئامادەیە!

بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی کردم.

بە جارزی بەڵام هەروا دەم بە پێکەنینەوە بە دەوریدا دەهاتم و دەچووم. لەئاخرییەکانی شەوێ دا گوتی:

- ها، ئەوە چ هەڵەیەکت کردووە؟

ئیتر بزەی سەر لێوانم رەویەوە. بەڵام دیسان ملم هەر نەدا و بێهیوا نەبووم .

کاتی دانانی شەوچەرەش هەر هەوڵمدا و بە بزەی سەر لێوانەوە دەهاتم و دەچووم.

دەمبینی کە زۆر بە مۆڕەوە سەیرمدەکات، پاشان گوتی:

- وەرە ئێـــرە!



وام هەست کرد کە وا بزەکانم سەهۆڵەکان دەتوێننەوە. بە خۆم گوت: ها ئەوەش قوربانێکی دیکەی بزە و زەردەخەنە. لەوانەیە ئێستا لە باوەشم بگرێ و دەستێکم بە سەری دابێنێ.

لە بیرمە جارێک خۆی بۆی باس کردبووم کە کاکم پوپۆل، زۆر حەزیدەکرد لە ئامێز بگیرێ و دەستی بە سەری دابێنن. بەدڵنیاییەوە کاکە پوپۆل لە رۆژی هەوەڵەوە زانیبووی چەکی بزە چەند کاریگەرە، یان لەوانەیە دایکم دەرەتانی بووبێ و فێری پێکەنینی کردبێ.

چوومە تەنیشت باوکم و شان بە شانی وەستام. چاوەکانی چکۆلەکردنەوە و لێموردبووە. لە خۆشیان پێکەنین وای داگرتبووم خەریک بوو شەویلکەم لە رەسمە بچێ.

- پێویستە ددانەکانت لە قالب بدرێن. قەت نەمدەزانی کەڵپەکانت هێندە لە پێشێن.

*****

ئیتر لەو شەوە بەدواوە کردمە پیشە و دوای نووستنی باوکم دەچوومە خوارێ لای میسیۆبرایم.

- تاوانی خۆمە، ئەگەر منیش وەک کاکم پوپۆل بایەم، بابم منیشی خۆشدەویست.

- چووزانی؟ خۆ پوپۆل بەجێی هێشتوون و رۆیشتووە.

- دەیجا ؟

- ڕەنگبێ تاقەتی باوکتی نەبووبێ.

- پێت وایـــە؟

- هەر چیبێ پوپۆل لەماڵەوە ڕایکردووە. بێشک هۆیەکی هەر هەیە.

میسیۆبرایم وردەپوڵـەکـانی وێدام تـا بیـانژمێرم و بـەسـتەبـەسـتە لـە کاغەزیانەوە پێچم. ئەم سەرقاڵبوونە، هێندیکی ئەهوەن کردمەوە.

- باشە میسیۆ، تۆ پوپۆلت دەناسی؟ چ جۆر کوڕێک بوو؟

داخڵەکەی توند پێکداد وەک ئەوەی بیهەوێ بکێشێ بە دەمی یەکێک دا.

- با شتێکت پێبڵێم مـــەمـــۆ، من تۆم سەتقات، بگرە هەزارقاتی پوپۆل خۆشدەوێ.

-بەراستیتــــــە؟

بەم قسەیە زۆر کەیفخۆش بووم بەڵام وەسەرخۆم نەهێنا. پەنجەکانم کردە مستەکۆڵە و ددانەکانم لە چیرەوە برد، ئاخر دەبوایە لە سەر کەرامەتی بنەماڵە وەدەنگ هاتبام.

- بزانە دەڵێی چی، بۆت نیە ئاوا باسی برای من بکەی. چ دژایەتییەکت لەگەڵ پوپۆل هەیە؟



- پوپۆل کوڕیکی زۆر باش بوو، زۆر باش. بەڵام ببوورە ئەمن پێم وایە مەمـۆ باشترە.

- دەی قەی ناکا، بووراوی.

پاش حەوتوویەک میسیۆ برایم ناردمی بۆ لای دوکتورێکی ناسیاوی خۆی کە سەیری ددانەکانم بکات. وا دیارە میسیۆ ئاشنا و ڕوشنای باشی هەیە.

ڕۆژی پاشان کە چوومەوە لای میسیۆ، گوتی:

- چارەسەری ددانەکانت لەوەدایە کە هێندێک کەمتر پێبکەنی. نا گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. برادەرەکەم دڵنیای کردوم کە ددانەکانت هیچ عەلەمیان لێنیە و لە قالب دانیشیان پێویست ناکات.

بە چاوی پڕ لە خەندەوە سەری هێنایە بن گوێم و گوتی:

- بیـر بکـەوە ئـەگـەر بـە ددانـی قالـبکـراو و "لغـاوەوە" چووبایتـە شەقامی"بەهەشت"، کەس هەبوو بڕوات پێبکا کە هەژدە ساڵ بی.

لە خەجاڵەتییان سەرم داخست و گوتم وردەپوڵەکانم دەیە با بیانژمێرم.

- میسیۆ! لەم بارەوە چ دەزانی؟

- هیچ نازانم ، هەر ئەوەندە دەزانم کە لە ناو قورعانەکەم دایە.

هێندێکی دیکەش لە وردەپوڵەکانم بژارد و لوولەم کردن.

- چوونی بۆ لای جندەکان شتێکی زۆر ئاساییە، مەمۆ! لە سەرەتا دا دەبێ مرۆڤ بچێتە لای ژنی بە ئەزموون، ئەوان دەزانن چۆن بە پیاو رابگەن. پاشان بەرە بەرە کە هەست و گێرەوکێشەکان سەریانهەڵدا، دەکرێ پیاو بە هەموو تازەکارێکیش رازی بێ.

هەستم کرد برێک هاتوومەتەوە سەرەخۆ.

- وا هەیە تۆش بچی بۆ شەقامی" بەهەشت " ؟

- دەرگای بەهەشت بۆ هەموو کەس ئاواڵەیە.

- نا میسیۆ، تۆ پێم رادەبوێری. خۆ ئەگینا تازە بەو تەمەنەشەوە هەر ناچی!

- بۆ چما ئەوێ هەر بۆ کەسانی ژێر هەژدە ساڵ دەبێ؟

زانیم کە قسەکەم لە قەدەر قەڵافەتم نەبووە و توورەم کردووە.

- مەمۆ! دەڵێی چی بە یەکەوە پیاسەیەکی بکەین؟

- هەی نەبێ میسیۆ، یانی واهەیە تۆش وەدەرکەوی و"بـــرۆی" ؟

ئەها دیسان، دەستە گوڵێکی دیکەم بە ئاوێ دادا. بۆیە زۆر بەخێرایی و بە پێکەنینەوە گوتم:

- یانی مەبەستم ئەوەیە کە من تۆم هەر لە سەر کورسیلەکەت بینیوە.



بەڵام هیچ سوودی نەبوو و دۆخەکەم بۆ نەگۆڕدرا، ئیتر لە سەری نەڕۆیشتم.

هەر بۆ بەیانی میسیۆ برایم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ پاریس. پاریسی جوان و بە ناوبانگ، پاریسی ناو وێنەکان، ئەو پاریسەی توریستەکان دەیبینن.

کەنارە و کەنار بەدرێژایی و خوارەکەو پێچەکەی رووباری سێن[11] دا پیاسەمان کرد.

- سەیرکە مەمۆ ! رووباری سێن چەندی حەز لە پردە، هەر وەک ژنان کە حەزیان لە بازنە و پاوانەیە.

پاشان بەناو پارکی "چامپ ئێلیسێس"[12] و بە بەر کۆمەڵێک تیئاتر و گالریای وێنەدا تێپەڕین تا گەیشتینە شەقامی "فایبۆری- سانت- هونرێ"[13]. ئەوبەرئەوبەری شەقامەکە دوکانی جلوبەرگە بەناوبانگەکانی وەک لانوین[14]، هێرمێز[15]، ساینت لاورنت[16] و کاردین[17]... کە باوی سەردەم بوون، دایگرتبوو.

---

11 sin
12- Champs- Elysés
13- Rue du Faubourg- Saint - Honorè
14- Lanvin
15- Hermés
16- Saint Laurent
17- Cardin

لەچاو بەقاڵییەکەی میسیۆ کە تا بنمیچی دووریز و سێ‌ریز سەری مارومێرووی تێدا هەڵچنرابوو، سەرنجڕاکێش و سەیر ئەوە بوو کە ئەم دووکانە بە ناوبانگانە، جگە لە یەکدووکوت جلوبەرگ، چی‌تریان تێدا بەدی نەدەکرا.

- میسیۆ! زۆر سەیرە، جامخانەی دەوڵەمەندەکان زۆر فەقیرە و چی تێدانیە.

- بەوە دەڵێن " لوکس " مەمۆ، هیچت لە جامخانە دانەبێ، دوکانت پەپووی لێ بخوێنێ و هەرچی هەیە لە " قیمەت " دابێ .

لە کۆتایی گەشتەکەماندا گەیشتینە باخەکانی پشت "پالاز رۆیاڵ"[18]. میسیۆ برایم شەربەتێکی لیمۆی بۆ من وەرگرت و بۆخۆشـــی لە سەر کورسی‌یەکی دانیشت و لاقی هاویشتە سەر لاقی. جارناجارێک قومێکی لە زەحلەکەی بەردەمی دەدا. هەموو جارێش کە لێوەکانی لێکدەخشاند تاوەکو چێژی تەواوی لێ‌وەربگرێ، ملچەیم گوێ لێ‌دەبوو.

- دەبێ ژیان لە پاریس زۆر خۆش بێ.

- بەڵام مەمۆ، خۆ تۆ لە پاریس دەژی.

- نا من لە شەقامی " شین " دەژیم.

18- Palais- Royal



چاوێکم لە میسیۆ کرد، دیاربوو بەباشی چێژی لە عارەقەکەی وەردەگرت.

- پێموا نەبوو کە موسوڵمانیش عارەق دەخۆنەوە.

- نەخێر، بەڵام ئەمن سۆفیم.

هەستم کرد دیسان دەمم زۆر بردۆتە پێش. بەڵکوو میسیۆ حەزنەکا باسی نەخۆشی‌یەکەی خۆی بکا. دیارە مافی خۆیشیەتی.

بۆیە ئیدی تا نەگەیشتینەوە شەقامی خۆمان، "شەقامی شین"، چی‌تری لەسەر نەرۆیشتم.

*****

شەو لەماڵەوە لە ناو کتێبەکانی باوکمدا بەدوای مانای سۆفی‌دا گەڕام. دیاربوو بەراستی بۆ میسیۆ برایم بەپەرۆش بووم بۆیە پەنام بۆ ئەو کتێبانە هێنابوو کە بێجگە لە بەدبەختی خێرێکی دیکەیان بۆ من تیدا نەبووە.

*" سۆفیایەتی لقێک و بۆچوونێکە لە ئیسلامدا کە لە سەدەی حەوتدا سەری‌هەڵداوە. پەیڕەوان و لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیانوایە ئیمان و*

*باوەڕ لە تێگەیشتن و ناخی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ نەک پەیرەوی کردن لە کتێب و شەریعەت."*

هەروەک چاوەڕوان دەکرا ئەم کتێبانە تەنیا مانای ئەم وشانەت پێدەڵێن کە بۆ خۆت پێشتر دەیانزانی.

هەر ئەوە کە زانیم " سۆفی" جۆرە نەخۆشی‌یەک نیە، هێور بوومەوە.

واتە سۆفی‌بوون شێوازێکی بیرکردنەوەیە. هەرچەند وەک میسیۆ برایم بۆخۆی دەیگوت: هێندێک شێوە بیرکردنەوەش لەخۆیدا جۆرێک نەخۆشی‌یە.

لە مەو بەدوا دەستم کرد بە بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوە لە سەر ناو و ناوەرۆکی سۆفیگەری.

ئەوەی تێگەیشتم ئەوە بوو کە میسیۆ برایم سەرەرای عارەق‌خواردنەوە وەک موسوڵمانان باوەڕی بە خودا هەبوو بەڵام بەشێوەیەک لە سنووری گوناح دەگەرایەوە. میسیۆ لە ناخییەوە بیری لە خودا دەکردەوە نەک بە پێی شەریعەت و یاسا.

ئەوەش ببوو بە گرێ‌گۆڵەیەک کە دەبوایە زۆرتری بیر لێ‌بکەمەوە.

وای تێگەیشتم کە دەتگوت باوەڕ بە پێی شەریعەت و یاسا، یانی خۆدیتنەوەی بێ ئەملاوئەولا لەناو چوارچێوەیەکی لەپێشدا دیاری‌کراو. لە پرنسیپدا یانی شتێکی پڕمەترسی.



واتە میسیۆ برایم مرۆڤێکی ناشەریفە و هەڵس‌وکەوت کردنیش لەگەڵ ئینسانی لەم چەشنە بۆ من نەهاتووە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر مانای رەچاوکردنی کتێب و یاسا ئەوە بێ کە وەک پارێزەرێکی داماو وبێ‌هیوا وێنەی باوکم لەناو ماڵێکی ساردوسڕی مەینەت‌لێدراو دا بژیم، بەدڵەوە هەڵمدەبژارد کە لە بەرەی میسیۆ برایمدا دژ بەو یاسا و رێسایانە بوەستم.

بەپێی کتێبە زانیارییە گشتییەکان دەردەکەوت کە بناغەدانەرانی سۆفیگەری دوو پیاوی بەتەمەن بوون بەناوەکانی حەللاج و غەزالی. بەبینینی ئەم ناوانە زەینم بۆ ئەم کەسانە چوو کە لە پشت باخەکانی شەقامی شین‌دا دەژیان.

واتە مەندی و لە ناوخۆدا بوونی میسیۆ برایم هەر لەو بۆچوونە را کە دەبێ باوەڕ و ئیمان لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵبدا، سەرچاوەی گرتووە. بۆیە بەکردەوەش میسیۆ لە چاو هەموو جوولەکەکانی دەوروبەر مرۆڤێکی لەسەرخۆ و هێدی و هێمن بوو.

زۆرم هێنا و برد خۆم بۆ رانەگیرا. بۆیە شەوێک لە سەر مێزی‌نانخواردن کاتێک باوکم پشکێک‌گۆشتێ مەڕی سوورەوەکراوی دەجووت و لە دەمی‌دا دەی‌هێنا و دەی‌برد، لێم پرسی:

- بابە! باوەڕت بە خودا هەیە؟

سەیرێکی کردم پاشان بە هێمنی گوتی:

- دەزانی خەریکە بەرەبەرە گەورە دەبی و دەگەیەی.

تێنەگەیشتم، ئەوە چی بە سەر پرسیارەکەی منەوە دابوو.

بۆ دەمەساتێکی کورت گوتم بێتونەبێت کەسێک بۆی گێڕاوەتەوە کە هامووشۆی ژنەکانی شەقامی "بەهەشت" دەکەم. بەڵام درێژەی بە قسەکانی دا .

- نەخێر، قەت سەرکەوتوو نەبووم باوەڕ بە خودا بکەم.

- سەرکەوتوو؟  بۆ نەبووی؟  زۆری پێدەوێ؟

چاوێکی بە دەوروبەری نیوەتاریکی ژوورەکەدا گێڕا، پاشان وتی:

- بۆوەی بزانین هەرچی بە دەوروبەرمانەوە هەیە، هەڵگری مانایەکە؟ بەڵێ، مرۆڤ بەراستی دەبێ خۆ ماندوو بکات.

- بەڵام باوکە خۆ ئێمە جوولەکەین، مەبەستم خۆمانە.

- بەڵێ

- یانی جوولەکە بوون هیچ پەیوەندی بە خوداوە نیە؟

- نا ئیتر بۆ من نا. جوولوکە بوون ئیتر بۆ من تەنیا بیرەوەرییەکە، بیرەوەرییەکی گەلێک ناخۆش.



زۆر ماندوو دیاربوو. لەوانە بوو لۆچێک حەبیش چاری نەکا. رەنگ بێ چونکە بە قسەکردن رانەهاتبوو. جارێکیش هەر جارێکە.

هەستایە سەرپێ و یەکراست چوو ژوورەکەی خۆی و لێیخەوت.

چەند رۆژێک دواتر کاتێک لە ئیشرا هاتەوە، هێندەی دیکەش ماندوو و رەنگبزرکاو بوو.

خەریکبوو سووچەکەم دەهاویشتە سەرشانی خۆم و سەرکۆنەی خۆمم دەکرد کە کۆنسێرڤیسەگانم دەرخوارد دابوو.

بە ئاسپایی دانیشتە سەر کورسییەک و گوتی کە دەیهەوێ شتێکم پێبڵێ.

هێندەی دە خولەکێکی گرت هەتا وەزمان هات.

- مووسا، لە ئیشەکەم وەدەریان ناوم. ئیتر لە ئیدارە منیان ناوێ.

بۆ من هیچ جێگەی سەرسووڕمان نەبوو کە هاوکارەکانی حەز نەکەن لەگەڵ  باوکمدا ئیش بکەن.

بێگومان باوکم تاوانبارەکانیشی وەزاڵە هێناوە. بەڵام دەردەکەوی کە ***پارێزەرێک دەتوانی پارێزەر نەبێ!***

- دەبێ لە شوێنێکی دیکە بە دوای ئیشدا بگەڕێم، جا بۆیە دەبێ دەسپێوەبگرین.

چۆوە ژوورەکەی خۆی و لێیڕاکشا. دیاربوو دەربەست نەبوو گوێی لە بۆچوونی من بێت.

منیش وەدەرکەوتم و چوومە لای میسیۆ برایم. دانیشتبوو خەریک بوو بادامە سوێرەی دەخوارد.

- میسیۆ، مروڤێک چۆن دەتوانێ بەختەوەر بێ؟

- ئەوەی دەزانم کە لە قورعانەکەم دایە.

- هەرچەند جوولەکەم بەڵام پێموایە ڕۆژێک مەجبوور دەبم قورعانەکەت لێبدزم.

- ئەرێ مەمۆ، لە لای تۆ جوولەکە بوون چ مانایەکی هەیە؟

- نازانم، بۆ باوکم جوولەکەبوون یانی ڕۆژ و شەو داماو و کەساس بوون. بۆ منیش دوخێکە کە تێیدام و بۆم نیە شتێکیتر بم.

میسیۆ برایم لۆچێکی بادامە سوێرە لە مستم کرد.

- مەمۆ! پێڵاوەکانت هیچ باش نین، بەیانی دەچین جووتێک پێڵاو دەکڕین.

- ئا، بەڵام..

- ژیانی مرۆڤ لە دوو شوێنان تێپەڕدەبێ، لەناو نوێنوبان و لە ناو پێڵاوەکانی.



- پارەم نیە ، میسیۆ.

- من بۆت دەکڕم، با ئەوە دیاری من بێ بۆ تۆ مەمۆ.

تەنیا جووتیک پێت هەیە دەبێ ئاگات لێیانبێ. کە پێڵاو پەنجەکانی پێتی گرت، بیانگۆڕە. خۆ پێیەکانت بۆ ناگۆڕدرێ!

*****

ڕۆژی دواتر کاتێک لە قوتابخانە را گەڕامەوە ماڵێ، نامەیەک لە پێشخانە، لە پەنا پێڵاوەکان کەوتبوو. نازانم بۆ هەرکە دەسخەتی باوکم ناسییەوە، کەوتمە دڵەکوتە.

*مووسا!*

*سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم. بمبوورە! من بۆ باب نابم. پوپۆ.......*

هێڵێک بەسەر ناوەکەدا کێشرابوو. وێدەچوو بەتەما بووبێ دیسان پوپۆلم بە چاودا بداتەوە. بۆوێنە بنووسێ، "حاوانەوە لەگەڵ پوپۆل دەکرا، لەگەڵ تۆ نا" یان " پوپۆل هێزو توانای باوکبوونی پێدەبەخشیم، تۆ نا "

ڕەنگە تانەوتوانجەکانی هێندە تاڵبووبن، بۆخۆشی لە نووسینیان شەرمی کردبوو.

لەدڵی خۆمدا گوتم سوپاس، وەرمگرت!

***لەوانەیە رۆژێک یەکتر ببینینەوە، رۆژێک کە تۆ گەورە بووی. کاتێک ئیتر شەرم لە بوونی خۆم ناکەم، ئەو کاتەی کە تۆمنت بەخشیوە.***

***خواحافیز***

- ئەی ئەی، هەروا!! سوپاس و خواحافیز!

لەژێرەوە لە پەراوێزدا نووسیبووی.

***هەرچی پارەش هەمبوو لە سەر مێزەکەم داناوە. ئەمەش ناوی ئەم کەسانەی لە نەبوونی مندا، دەتوانی پێوەندیان پێوە بگری، ئاگایان لێت دەبێ.***

چوار ناوی نووسیبوو کە هیچکامیانم نەدەناسی.

بڕیاری خۆم دا، نابێ کەس پێبزانێ.

بە هیچ کلۆجێک کەس نابێ بزانێ کە پشتم تێکراوە.

ئەوە جاری دووهەم بوو رووبیان لێوەردەگێرام و پشتیان تێدەکردم. جاری یەکەمیان دایکم هەر لە سەرپشتی لانکێ جێیهێشتم کە هێشتا حەوتووم نەچووبوو. ئەم جارەشیان باوکم لە سەرەتای لاوەتیمدا، پشتی تێکردم و بە تەنیای هێشتمەوە.

هاتبا و کەس بەمەی زانی با، نەهامەتی بوو.



بۆ ئاوا لێم بێزارن؟ بۆ خۆشییان ناوێم؟

ئیتر بڕیار بوو دابووم، بڕیارێکی بێگەڕانەوە.

کەس نابێ بزانێ کە باوکم لە ماڵەوە نیە. هەر لەسەر رەواڵی پێشوو هەڵسوکەوتم دەکرد، ئەنەهوو باوکم لە ماڵەوەیە. واشم دەنواند کە وا شەوە دوور و درێژەکان سەرەرای ویستی خۆم، بە جارزییەوە بەیەکەوە دەبەینە سەر. تەنانەت هەروەک جارانیش هەموو شەوێ سەرێکم بە بەقاڵییەکەی میسیۆ برایمدا دەکرد.

- میسیۆ، باوکم ژانە زگێتی چی بدەمێ باشە؟

- " فیرنتبرانکا " [19]، ها مەمۆ! شووشەیەکی بچووکم هەیە بیبە.

- سوپاس، ئەوە دەچم هەر ئێستا یەک دوو کەچکی دەدەمێ.

بەو پارانەی باوکم بەجێیهێشتبوو، مانگێکم ژیان بردە سەر.

فێربووم لاسایی ئیمزای باوکم بکەمەوە تا بتوانم ئیش و کاری پۆست راپەڕێنم و وڵامی نامەکانی قوتابخانەش بدەمەوە. بەردەوام خواردنی دووکەسانم دروست دەکرد و مێزینانخواردنیشم هەر بۆ دووکەس ئامادەدەکرد، تەنیا بەم جیاوازییەوە کە دوای نانخواردن بەشەکەی باوکم لە تەنەکە خۆڵەکە دەکرد.

19- Fernet Branca.

چەند شەوێک لە حەوتوودا جلک و پێڵاوەکانی ماڵەوەی باوکم دەکردەبەر، هێندێکم ئارد لە سەرو گوێلاکم وەردەدا و لە سەر مۆبلەکەی دادەنیشتم تا وەکو هاوسێکانی ئەوبەری شەقام فریوبدەم. لەو کاتانەشدا خەریکی خوێندنەوەی قورعانە جوانەکەی میسیۆ دەبووم کە پاش چەندین جار داواکردن، توانیبووم لێی قەرزبکەم.

لە قوتابخانەش بیرم کردەوە نابی بێڵم دەمەساتێک بە فیرۆ بچێ و دەبێ عاشق بم. بەڵام چونکە لە قوتابخانەکەی ئێمە کوڕ و کچ تێکەڵ نەبوون، دەرەتانی هەڵبژاردنیش زۆر نەبوو. لەبەر ئەوەش بوو کە هەموو کوڕەکان چاومان بە دوای کچی فەڕاشی قوتابخانەکەمانەوە بوو. تێکڕامان دڵێک نا سەت دڵ "عاشقی" مرێم ببووین.

مرێم هەر چەند سێزدە ساڵ پتری تەمەن نەبوو، وەستایانە چەمی دۆخەکەی لەدەستدابوو و دەیزانی چۆن ئەم سێسەت کوڕە هەرزەکار و نەدیوبدییە کە چاویان بە دوایەوە بوو، لە سەر پەنجان بگێڕێ.

منیش وەک کەسێک کە خەریکە لەگەڵ لافاوێکی بێڕەزا بۆ رزگاری خۆی دەستوپەنجە نەرم دەکا، بێوچان خەریک بووم سەرم لە سۆنگەی مرێمدا دابنێم. بۆیەش چەکە کۆنەکەم " پیکەنین"، وەکار خستبۆوە.

چارم ناچار بوو، دەبوایە نیشانی بدەم کە بۆ خۆشویستن دەبم. ئەمەش دەبوایە عالەم پێبزانێ، بەر لەوەی بزانن تەنانەت دایک و باوکیشم کە دەبوایە خۆشیان ویستبام، بەجێیان هێشتووم.



بۆ میسیۆ برایم گێڕاوە چۆن لەحەوڵودەولی وەدەسهێنانی دڵی مرێمێ دام.

وەک بزانێ کۆتایی بەسەرهاتەکە چڵۆنە، لە کاتێکدا بزەی لە سەر لێوان بزر نەدەبوو، گوێی بۆ راگرتبووم.

بەڵام خۆم شلوێ نەکرد و وەسەرەخۆم نەهێنا.

- خەبەری باوکت؟ وەزعی چۆنە ؟ دەمێکە بەیانییان نایبینم.

- ئیشوکاری یەکجار زۆرە، لە بەر ئیشە تازەکەشی دەبێ سەر لە بەیانییان زوو وەدەرکەوێ.

- ئـــــێ! هیچ تورەش نابێ کە تۆ خەریکی قورعان خوێندنی؟

- هـــم ؟ ئا، بەدزییەوە دەیخوێنمەوە، زۆریش تێناگەم چی تێدا نووسراوە.

- مرۆڤ بخوازێ شتێک فێربێ دەس ناداتە کتێب، تێکەڵاوی خەڵک دەکا و دەیاندوێنێ. زۆرم باوەڕ بە کتێبان نیە.

- بەڵام تۆ سەراوان و بناوان دەڵێی: ئەوەی دەزانی کە.....

قسەکەی پێ بڕیم و بۆ خۆی تەواوی کرد:

- بەڵێ مەمۆ! " ئەوەی دەزانم کە لە قورعانەکەم دایە".

حەزدەکەم بچمە قەراغ دەریایە، دەڵێی چی بچین بۆ نۆرماندی[20]؟ پێت خۆشە لەگەڵم بێی؟

- بۆم هەیە؟

- هەڵبەت ئەگەر باوکت ئیزنی لە سەر بێ.

- ئا بۆم هەیە.

- دڵنیای؟

- دەڵێم بۆم هەیە!

*****

لە میوانخانەکەی گراندهوتێلی کابۆرگ[21] ئیتر خۆم پێ‌ڕانەگیرا و دەستمکرد بەگریان، دووسێ سەعاتان گریام، هەرچی دەمکرد خۆم پێڕانەدەگیرا.

من دەگریام و میسیۆ برایمیش بێ‌ئەوەی شتێک بڵێ سەیری دەکردم و چاوەڕوان بوو کە من شتێک بڵێم. لە خۆم نووسام و گوتم:

- ئێرە زۆر شوێنێکی جوانە میسیۆ! لە رادە بەدەر جوانە. بەڵام ئەوەش بۆ من نییە. من ئەوەندەی ناهێنم.

---

20- Normandie
21- Cabourg.



میسیۆ پێکەنی و گوتی:

- مەمۆ، جوانی لە هەموو شوێنێک هەیە، هەر شوێنێک سەیری بکەی. ئەوەش لە قورعانەکەم دا نووسراوە.

بەدەم پیاسەکرنەوە بە رۆخی ئاوەکەدا هەڵکشاین.

- دەزانی چۆنە مەمۆ، خودا ئامانج و مەبەست لە ژیان بۆ کەسیک دیاری نەکات، ئاستەم لە هیچ کتێبێکدا بیدۆزێتەوە.

بۆوەی خۆ لە باسی باوکم بدزمەوە، وەسەرمکرد و باسی مریەم هێنایە گۆڕێ و گوتم:

- لە دەسپێکدا مریەم لە نێو هەموو ئەوانەی کە هەڵوەدا و بەدوایەوە بوون، سەری‌سەودای لەگەڵم هەبوو و گۆشەیەکی دڵی بۆ تەرخان کردبووم. کە چی ئێستا جوابی کردوم و بەهێندم ناگرێ.

میسیۆبرایم گوتی:

- هیچ نیە گوێی مەدەرێ. خۆشەویستی تۆ هی خۆتە، ملکی خۆتە. تەنانەت ئەگەر ئەو نەشخوازێ ئەم خۆشەویستی‌یە بەهێند بگرێ، چی پێ ناکرێ و بۆ خۆی زەرەرمەند دەبێ کە چێژ لە سۆز و خۆشەویستی تۆ وەرناگرێ.

مەمۆ! هەرچی دەیبەخشی و دەیدەی بەیەکی‌تر بۆ هەمیشە هی خۆتە و هەرچی بۆ خۆیشتی رادەگری بۆ هەمیشە لە کیست چووە!

- ئەی بۆخۆت چی، ژنت هەیە؟

- بەڵێ

- ئەی بۆ ئێستا لێرە لەگەڵت نییە؟

میسیۆ دەستی بۆ دەریا راداشت و گوتی:

- بەراستی ئێرە دەریایەکی ئینگلیزیىیە، ئاوێکی سەوزی مەیلەوڕەش. ئەوە رەنگی ئاسایی ئاو نیە. لەوانەیە ئاوەکەش هەڵگەڕابێتەوە سەر ئینگلیزی.

- سەبارەت بە هاوسەرەکەت، وڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە، میسیۆ!

- بێ وڵامیش خۆی وڵامە، مەمۆ.

بەیانییان میسیۆ بەر لە من لە خەو هەڵدەستا.

لە پەنجەرەی هۆتێلەکەوە چاوێکی لە دەرێ دەکرد تا کو بزانێ خۆر دەرکەوتووە یان نا. لەسەرەخۆ دەستیدەکرد بە وەرزیشی بەیانییان، وەرزشێک کە بە درێژایی تەمەنی هیچ بەیانییەک خۆی لێنەبواردبوو.

من هێشتا خەواڵو لە جێگەوبانەکەمدا بووم و لەبن لێفەوە قەڵافەتی هەتا بڵێی چست و پتەو و دارێژراویم ئەبینی. هەر لە هەمان کاتیشدا هەرەتی لاوەتی ئەم مرۆڤە باڵابەرزەم لەبەر چاوبوو،کە دەبێ زۆر پێش ئێستا بووبێ.



ئەوەی چاوەڕوان نەبووم و بۆم بوو بە جێگەی سەرسوورمان، ئەوەبوو کە رۆژێکیان لە حەمامێ بینیم، میسیۆش خەتەنە کراوە.

- ئەتۆش میسیۆ؟

موسوڵمانەکانیش هەر وەک جوولەکەکانن. ئەمە نیشانە و بیچمی حەزرەتی ئیبراهیمە.

ئەم پەنچکە پێستە کە لە ئێمەی دەکەنەوە لەوەڕا کەوتۆتەوە کە ئیبراهیم، سمایلی کوڕی دەبات لە رێگای خوالادا بیکاتە قوربانی. ئەوەش کە باوک لە وەختی خەتەنە کردن دا کوڕەکەی لەباوەش دەگرێت بۆوەیە ئاستی ژان و هەروەها ئیمانی ئیبراهیم لە بیر نەکات.

لە ماوەی ناسیاویم لەگەڵ میسیۆ برایمدا بۆم دەرکەوتبوو کە جوولەکە و موسوڵمان، بگرە مەسیحییەکانیش بەر لەوەی لێک ڕاسێن و ناحەزی یەکتر بڵێن، گەلێک باوەڕ و بۆچوونی وێکچوویان هەبووە. دیارە وەنەبێ پێوەندییەکی زۆری بە منەوە هەبێ و یان دەربەستی بم، بەڵام پێم باش بوو.

*****

پاش گەڕانەوەمان لە نۆرماندی لە ناو ماڵە تاریک و بەتاڵەکەمدا هەستم بە هیچ ئاڵوگۆڕێک نەکرد، ئەوە نەبێ کە ئەمجارەیان دەمزانی لە

دەرەوەی چواردیوارییەکەی منیشدا ژیان هەیە کە لەگەڵ هی من جیاوازە.

بیرم کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە پەنجەرەکان بکەمەوە و دارودیواری ناوماڵەکەم بە رەنگی رووناکتر نوێ بکەمەوە. وا باشە ئەم مۆبڵ و کەرستانەش تۆڕ بدەم کە بۆنی رابردوویان لێ‌دێ، ئەویش نە رابردووی‌یەکی ئاخندراو لە خۆشی و جوانی، بەڵکوو رابردووییەکی دیل و یەخسیر، رابردووییەکی گنخاو.

پارەم تەواوببوو. دەستم کرد کۆگا بە دوای کۆگادا کتێبەکان بەو کتێبفرۆشانەی کە خوانچەیان لە دەم رووبای‌سێنەوە هەڵداوە و کاتی پیاسەکردنەکانمان، میسیۆبرایم نیشانی دابووم، بفروشم. لە گەڵ فرۆشتنی هەر کتێبێکدا هەستم بە سوکنایەتی‌یەکی پتر دەکرد.

سێ‌مانگ بەسەر ئەوکاتەدا تێپەڕی‌بوو کە باوکم سەری خۆی هەڵگرتبوو و رۆیشتبوو، بەڵام من رواڵەتەکەم هەروا دەپاراست و ئێستاش هەر بۆ دووکەسانم خواردن دروستدەکرد. میسیۆبرایمیش ئێتر هێندەی جاران سەبارەت بە باوکم لێی نەدەپرسیم.

لە گەڵ مریەمێش هەر دەهات و بەینمان خراپتر و خراپتر دەبوو، کەچی من کردبوومە بنێشتە خۆشکەی شەونشینی‌یەکانی خۆم و میسیۆ برایم.



هێندێک شەوان بیری کاکم پوپۆل هەڵیدەگرتم و گەڵێک مەلوول وخەفەتبار دەبووم و کزەم لە جەرگی دەهات. ئێستا کە باوکم لە گۆڕێدا نەبوو بە بەچاودادانەوەی کارو کردەوەی جوانی پوپۆل کوندەجەرگم بکات و بمشکێنێتەوە، بەدڵەوە حەزم دەکرد کاکم لە نیزیکەوە باشتر ناسیبا.

لە درێژەی ئەو بیر و داڵغە لێدانانەدا و بەرلەوەی خەو بمباتەوە بیرم لە بوونی ئەم برا نەدیو و نەناسیوەم، کە لە سووچێکی ئەم دنیایەدا بوو، دەکردەوە و ئاواتم دەخواست رۆژێ چاوم پێی بکەوێ.

سەرلەبەیانی‌یەک پۆلیس لە دەرگای ماڵەوەی دا، ئاخاوتنیان دەتگوت هی ناو فیلمەکانە.

- بیکەوە! پۆلیس!

بۆخۆم بەخۆم گوت تازە کار لە کار ترازاوە، هێندەم درۆکردوون ئەوە هاتوون دەمبەن بۆ زیندان.

بیجامەکەم کردەبەرم، قفڵەکانم ترازاند و دەرگام کردەوە. وەک من بیرم لێ‌کردبۆوە پۆلیسەکان توندوتیژ نەبوون. بەڕێزەوە پرسیاریان کرد، داخوا بۆیان هەیە بێنە ژوورەوە.

منیش بیرم دەکردەوە ئێستا کە هەر دەمبەن بۆ زیندان، بچم جل و بەرگێکی گۆنجاو بکەمە بەرم.

له ژووری دانیشتنەکە بەرپرسی پۆلیسەکان دەستی گرتم و بە سۆزەوە گوتی:

- کورم ، هەواڵی ناخۆشمان پێیە، باوکی ئێوەی بەڕێز مردووە!

نازانم راست لەو دەمەیدا چ شتێک زۆرتر حەپەساندمی، ئەوە کە باوکم مردبوو یان ئەوە کە پۆلیسەکە بە " بەڕێز " بانگیهێشتبووم.

بەهەرحال هەرچۆنێک بێ دانیشتمە سەر کاناپەیەک.

- لە نزیک شاری "مارسەی"[22] خۆی هاویشتۆتە بەر قەتار.

ئەوەشم پێسەیر بوو کە بۆ خۆکوشتن ئەم هەمووە ڕێگایەی تا " مارسەی " پێوابوو، خۆ قەتار لە هەموو شوێنێک هەیە. ئەویش بەتایبەت لە پاریس، ئەگەر زۆرتری نەبێ کەمتریشی نیە.

دیارە من قەت نەمتوانی لە باوکی خۆم بگەم.

- وا دەردەکەوێ کە باوکت زۆر خەفەتبار و پەرێشان بووە بۆیە خۆیکوشتووە.

خۆکوژی باوکم هێندەیتر ژیانی لێ ئاستەم کردم. کە برێک زۆرتر بیرملێکردەوە هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە بابێکی ون و بێسەروشوێن لەمەی ئێستا باشتر بوو، چونکە لانی کەم  بە دەس ویژدانیەوە زەجری دەکێشا.

---

22 Marseille



وێدەچوو پۆلیسەکان لە کاسی و بێدەنگی من تێبگەن. سەیرێکی رفە بەتاڵەکانی کتێبخانەکە و ژوورە بێگیانەکەیان کرد، دڵنیام بەخۆیان گوت:

بەس نیە تا چەند خولەکێکیتر لێرەمان رزگاری دێت.

- کەسی دیکە هەیە پێویست بێ ئاگاداری بکەین؟

لە وڵامی ئەم پرسیارەدا ئەوەی پێویست بوو ئەنجامم دا. چووم لیستەی ناوی ئەم چوارکەسەی باوکم بەر لە رۆیشتنی جێی هێشتبوو، بۆم هێنان.

بەرپرسی پۆلیسەکان خستیە گیرفانییەوە.

- دەیدەینە بەرپرسانی " بەشی کۆمەڵایەتی".

پاشان وەک سەگێک کە چاوترسێن کرابێ و لە خاوەنەکەی دڵنیا نەبێ لە پێشم هەڵتووتەکا. زانیم بێونەبێ خۆشی لەوەی بەتەمایە بیلێ، دڵنیا نیە.

- هەرچەند دەشزانم لە جێ دانیە بەڵام تکام وایە بەرێزتان لەگەڵمان بێی و تەرمەکە پێناسە بکەی.

ئیتر چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد، بۆیەش لەناکاو دەستم بە هاتوهاوارێک کرد نەبێتەوە، وەک بڵێی پێیان لە گون یان کلکم نابێ. پۆلیسەکان خۆیان ونکردبوو و تێکیانداویشت و نەیاندەزانی چ بکەن و چ بڵێن کە لە دەست ئەو هاتوهاوارە رزگاریان بێت. شانسی

دۆزینەوەی ئەم کلیلەشیان نەبوو چونکە کلیلەکە بۆخۆم بووم و خۆشم دەروەستی خۆم نەدەهاتم.

خوداوراستان میسیۆ برایم کە گوێی لە هاتوهاواری من ببوو، هاتەسەرێ و زۆر زوو زانی چ قەوماوە و بە پۆلیسەکانی گوت کە ئامادەیە بچێ بۆ " مارسەی " و تەرمەکە پێناسە بکات.

لە سەرەتاوە پۆلیسەکان بە گومانەوە سەیری میسیۆیان کرد، چونکە بەراستی وەک عەرەبان دەچوو. بەڵام کە من هەروا لە هاتوهاوار کردندا بەردەوام بووم، پۆلیسەکان ناچار ملیان بۆ پێشنیارەکەی میسیۆ راکێشا.

*****

دوای ناشتنی باوکم لە میسیۆم پرسی:

- لە کەیەوە دەتزانی باوکم جێیهێشتبووم؟

- کە لە "کابۆرگ" بووین، بەڵام مەمۆ، تۆ نابێ لە بابت توورە بی!

- چی، چۆن؟ باوکێک کە ژیانی منی کردە جەهەننەم، بەجێیهێشتم، خۆیکوشت و تەواوی هیوا و هومێد بە ژیانی لە مندا مراند، تازە لێشی توورە نەبم؟

- باوکت زۆر بێکەس و بێدەرەتان بوو. تەمەنێکی وای نەبوو کە دایکوباوکی لە ئوردوگای نازییەکاندا مردن. باوکت قەت نەیتوانی



بەسەر ئەم خەم و خەسارەدا زاڵ بێت، خۆی بە تاوانبار دەزانی و بوونی خۆی لە زیادێ دەدیت. ئەوەش کە خۆی هاویشتە بەر قەتار، بەهەڵکەوت نەبوو.

- مەبەستت چیە؟ چۆن؟

- نازییەکان دایکوباوکیان بە قەتار بەرەو مەرگ بەڕێ کردبوو. رەنگە باوکت دەمێک بێ چاوەڕوانی قەتاری خۆی بووبێ. ئەوەش کە باوکت توانای ژیانی نەمابوو هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بەر لەوەی تۆ ببی و تاوانی تۆی تێدا نیە.

پاشان بەستەیەکی پارە خستە گیرفانم و گوتی:

- ها بگرە، بچوە شەقامی"بەهەشت". ژنەکانی وێ دەیانهەوێ بزانن ئەوکتێبەی خەریکی لە سەریان دەنووسی بەکوێ گەیشتووە.

دەستمپێکردبوو خەریک بووم هەموو ناو ماڵەکەم دەگۆڕی. میسیۆ برایم رەنگ وفرچەی وێدابووم و پێشی گوتبووم دەبێ چی بکەم. هەروەها فێریشی کردبووم چۆن کاربەدەستانی بەشی کۆمەڵایەتی دەستاودەست پێبکەم و لەکۆڵە خۆمیان کەمەوە.

پاشنیوەڕۆیەک، هەموو دەرکە و پەنجەرەم کردبووە کە بۆن و بەرامەی رەنگ لە ماڵەکە بچێتە دەرێ، بینیم ژنێک وەژوور کەوت.

نامۆیی دەکرد، بەڵام دەیزانی هاتۆتە کوێ. وەک بڵێی رابردوو و بیرەوەرییەکی لەم ماڵەدا هەبێ شەرموتەقیە دەکرد و خۆی دەپاراست

کە نەکا پێبنێتەوە ناو ئەو لەکەوپەڵانە کە هەموو ماڵەکەی داگرتبوو. ئەم هەڵسوکوتە وایکرد کە یەکاویەک تێبگەم، کێیە؟

وام نواند کە نەمبینیوە وخۆم خەریک کرد.

ئاخری ویشکە کۆخەیەکی هێنایە خۆ و دەنگی سافکرد.

وام نواند تازەی دەیبینم و گوتم:

- بە شوێن کەسێکەوەن؟

دایکم گوتی:

- لە مووسا دەگەڕێم.

دیار بوو بەزەحمەت ناوەکەی بەسەر زاردا هات. شەویلکەکانی پێی ڕانەهاتبوو، دەتگوت بۆی نایە بڵێ مووسا.

بیرم کردەوە با برێکی پێ ڕابوێرم.

- ئێوە کێن؟

- ئەمن دایکیم.

ژنی بێچارە، بەزەییم پێداهات، تەواو تێکشکا بوو. دەبێ چەندی زەخت لەخۆی کرد بێ و چەند لە گەڵ خۆی بەشەڕ هاتبێ، جا هاتبێتە ئێرە.

لێیوردبوومەوە؛ لە دەموچاوییم ڕوانی؛ دەترسا، زۆر دەترسا.

- ئەی تۆ کێی؟



- ئەمن؟

بەخۆم گوت: وەختێتی با هێندێک گاڵتەی لەگەڵدا بکەم. بۆخۆشم بڕوام نەدەکرد کە مرۆڤ بتوانێ هێندە ڕقئەستوور بێ، بەتایبەت دوای حەفدە ساڵان.

- پێم دەڵێن مەمۆ.

- چاوی زەق بوونەوە.

بە پێکەنینەوە گوتم:

- مەمۆ، کورتکراوەی ناوی مەحەممەدە.

سپیسپی، لەو ڕەنگەی کە خەریکبووم لە چوارچێوەی پەنجەرەکانم دەدا، سپیتر هەڵگەڕابوو.

- ئەها، ئەتۆ مووسا نی؟

- نەخێر، مادام! نابێ ئێمەت لێبگۆڕدرێ، ئەمن مەحەممەدم!

تۆسقاڵێک هاتەوە سەرەخۆ، وادیاربوو خەریکبوو باوەڕی دەکرد.

- ئەدی کوڕێک بە ناوی مووسا لێرە ناژی؟

هێندەی نەمابوو بڵێم، لە من مەپرسە، ئەتۆ دایکی و دەبوا زانیبات. بەڵام لێیگەڕام چونکە وا دیاربوو بێچارە ئیتر نەیدەتوانی لە سەرلاق بوەستێ. بۆیە درۆیەکی بچووکی کەمئازارم لە مستی نا و گوتم:

- مووسا لێرە نەماوە. لەو شوێنە زۆر وەڕەز ببوو. مووسا زۆر بیرەوەری ناخۆشی لەو ماڵە هەبوو.

- ئاووا !

تۆ بڵێی بڕوای پێکردبم؟ نا وا وێنەدەچوو. کە لێیخوردبوومەوە هێندەش ژنێکی خەشیم نەبوو کە بە ڕواڵەت دیاربوو.

- ئەی کەی دەگەڕێتەوە ئێرە؟

- نازانم، بەڵام کە ڕۆیی گوتی: کە شوێن براکەی دەکەوێ.

- براکەی!؟

- بەڵێ،مووسا برایەکی هەیە.

- هـــەیـــەتـــی؟

بە تەواوی سەری سوڕمابوو.

- بەڵێ ناویشی پوپۆلە.

- پوپۆل!؟

- بەڵێ پوپۆل، براگەورەی مووسا.

نازانم پێی وابوو مێشکم عەیبی هەیە و قسان تێکەڵ دەکەم یان بەراستی پێی وابوو کە من مەحەممەدم؟

- بەڵام مووسا یەکەم کوڕی من بوو، قەتم پوپۆل نەبووە.



ئەمجارەیان نۆرەی من بوو سەرم سووڕ بمێنێ.

دەمێک ئەولاق ئەولاقی کرد، پاشان دانیشتە سەر کاناپەیەک، منیش هەر بەمشێوەیە دانیشتم.

دانیشتبووین و لەکاتێکدا هەر دووکمان بەشێک لەبەر گازی ڕەنگەکان، ئەوکمان گیرابوو، بێدەنگ سەیری یەکترمان دەکرد. بەوردی تێمڕامابوو و هیچ هەست وخوستێکمی لەبەر چاو ونەدەبوو.

- پێم بڵێ مەمۆ...

- مەحەممەد

- مەحەممەد!  پێم بڵێ، جارێکی دیکە مووسا دەبینییەوە؟

- لەوانەیە

وڵامەکەم زۆر ساردوسڕ و بێگیان بوو، بۆخۆشم پێم سەیربوو کە وا بێهەست و دڵڕەق بووم.

لە قووڵایی چاوەکانمی ڕوانی، هەر ئەوەی دەبوایە لێبخوێنێتەوە، خوێندییەوە. دڵنیام شتێکی دیکەی دەست نەکەوت.

- ئەگەر جارێکی دیکە مووسات بینییەوە پێی بڵێ: من زۆر جحێڵ بووم کە مێردم بە بابی کرد. بۆیەشم شوو پێکرد کە لە ماڵێ هەڵێم و ڕزگاریم بێت. قەتم بابیمووسا خۆشنەویست بەڵام مووسام لە دڵەوە خۆشدەویست. وا هەڵکەوت پیاوێکی دیکەم ناسی.  بابت.........

- ببووره؟

- مەبەستم بابی مووسایە، گوتی: ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ، مووساش لێرە بە جێ بێڵە! دەنا.....من ڕۆیشتم.

- من ژیانێکی نوێم بۆ خۆم هەڵبژارد، ژیانێکی بەختەوەرانە.

- تێدەگەم، دەس خۆش.

ژنە سەری داخست.

بینیم کە هەنگاوێکی بەرەو من هەڵێنایەوە. زانیم کە دەیهەوێ لە باوەشم بگرێ.  بەڵام خۆم گێلکرد.

بە دەنگێکی وەک پارانەوەوە تکای کرد:

- دەتوانی ئەوانە بە مووسا بڵێی؟

- لە وانەیە.

*****

هەر ئەوشەوە چوومە خوارێ لای میسیۆ برایم و بە گاڵتەوە پێم گوت:

- میسیۆ کەی دەمکەی بە کوڕی خۆت؟

ئەویش لەکاتێکدا بزەی دەهاتێ و ددانە سپییەکانی وەدەرکوتبوون، گوتی:

- ئەگەر بتهەوێ چ لە بەیانی زووتر نیە. مەمۆ بچکۆلە!



هەوڵێکی زۆرماندا. ماوەیەک لە داڵانە تەنگەبەرەکانی بیروکراسی و بێهەرەسی رنووی مۆری ئیدارەکاندا گیرمان کرد. هێندەی کە لەم ئیدارەوە بۆ ئەم ئیدارە بچین و کارمەندەکان لە خەو هەڵبستێنین ئیتر حەزیان نەدەکرد سەرمان پێوەبێ.

بەڵام کەس نەبوو لەبەر لێبڕاوی میسیۆ برایمدا خۆ ڕاگرێ. لەسەرەخۆ دەیگوت:

- مەمۆ! هەر ئێستا " نـا " یەکمان وا لە گیرفاندا، ئێستا دەبێ بگەڕێین و لەشوێنی خۆی " بەڵـێ "یەک  بدۆزینەوە.

بە یارمەتی یەک لە یاریدەدەرەکانی بەشی کۆمەڵایەتی، دایکم ڕازیبوو کە پێشنیارەکەی میسیۆ برایم قەبوول بکا.

- میسیۆ! ئەی خێزانەکەی خۆت، ڕازی دەبێ؟

- خێزانم دەمێکە گەڕاوەتەوە  وڵاتەکەی خۆمان. ئێستاش خۆم بڕیاردەدەم. ئەگەریش پێتخۆش بێ، هاوینێ دەچین سەرێکی لێدەدەین.

ئەو ڕۆژەی کاغەزەمان وەرگرت، واتە ئەو کاغەزەی کە تێیدا نووسرابوو، لەمەوبەدوا کوڕی کەسێک بووم کە خۆم هەڵمبژاردبوو، میسیۆ برایم گوتی:

- با، بەخۆشی ئەورۆژەوە ئۆتۆمبێلێک بکڕین.

مەمۆ! سەفەرێکیشمان لەبەرە. هاوینی ئەوساڵ دەچینە وڵاتی هیلالیزێوین. لەوێ دەریات نیشاندەدەم دەریای راستی، ئەو دەریایەی منی لێوە هاتووم.

- ناتوانین بە قالیچەی حەزرەتی سولەیمان بچین؟

- ها ئەو کتێبە سەیرکە و ئۆتۆمبێلێک هەڵبژێرە!

- بەڵێ بابە.

سەیرە! وشە "بابە" دەتوانێ کارتێکەری جیاوازی لە سەر مرۆڤ هەبێ.

کاتێک بە میسیۆ بەرایمم دەگوت: "بابە"، هەستمدەکرد دڵ و دەرونم پێدەکەنێ، هێز و گوڕم دەهاتە بەر و بە داهاتوو گەشبین دەبووم.

چووینە ناو پێشانگایەکی گەورە.

- لەو مۆدێلە ئۆتۆمبێلەم دەوێ. کوڕەکەم هەڵیبژاردووە.

کە دەیگوت: "کوڕەکەم" گوڕ و تینێکی زیاتر لە هی من لە لای میسیۆوە بەدیدەکرا. دەسپێک و کۆتایی هەموو رستەیەکیش "کوڕەکەم" ی رەگەڵ هەر دەخست. دەتگوت هەر لە سەرەتاوە بناغەی باب و کوڕایەتی بۆ خۆی داناوە.

کابرای فرۆشیار دەستی کرد بە پێهەڵاگوتنی ئۆتۆمبێلەکە و لێی نەدەبڕیەوە.

- لەوانە گەڕێ گەڕ، خۆ من وتم دەیکڕم.



- بەڕێزتان ئیجازەی لێخوڕینتان هەیە؟

- هەڵبەت

لە کیسەباخەڵییەکەی کە لە پێستی بزنێ بوو کاغەزێکی قەدقەد کراوی کە هەر نەبێ هی سەردەمی فرانکۆ بوو، دەرهێنا.

کابرای فرۆشیار "پاپیرۆس"[٢٣]ەکەی هێنا و برد و لێی خوردبۆوە. جارێ بەشێک لە پیتەکان پاک ببوونەوە، ئەوەی دەشخوێندرایەوە بە زمانێک بوو کە کابرا تێینەدەگەیشت.

- یانی ئەوە بەڵگەی لێخوڕینە؟

- نابینی؟

- دەی باشە. پێشنیاردەکەم پارەی سەیارەکە بکەین بە قیست، سێساڵ چۆنە؟

- کە دەڵێم ئۆتۆمبێل دەکڕم یانی دەیکڕم وپارەکەشی یەکجێ، ئێستا دەدەم.

میسیۆ خەریک بوو دەرهەڵدەبوو. کابرای فرۆشیاریش هەرچی دەیگوت خراپ لە ئاو دەهاتە دەر.

- دەی چەکەکەی بە ناوی .... بنووسە.

٢٣- مەبەست لە کۆنی کاغەزەکەیە وەک بڵێی هی سەردەمی میسری کۆنە.

- هەی هوو!! جا بەسە ئیتر. پێم وتی کە بە نەغد دەیکڕم، بە پارە، هــا هــا پارە.

بەستە بەستە پارەی لەبەر دەمی کابرا لە سەر مێزەکە هەڵچنی. پارەی لەکارکراو و شڕ کە زۆر بە جوانی بەستە کرابوون و لە کیسە نایلۆنان نرابوون.

کابرای فرۆشیار هێندەی نەمابوو ببوورێتەوە و خەریکبوو خۆی ون دەکرد.

- بەڵام .... بەڵام هیچ کەس نەغد پارە نادا.... شتی وا هەر نەبووە.

- یانی چی، مەگەر ئەوە پارە نیە؟ کاتی خۆی من لە سەر دوکان وەرمگرتوون، ئێستا بۆ ئێوە لێرە ناتوانن وەری بگرن؟

مەمۆ! ئەو دووکانە بۆئەوە نابێ شتی لێبکڕی.

- باشــە دەی وای لێدەکەین. دوای دوو حەوتوو دەتوانن بێن و سەیارەکە بەرن.

- دوو حەوتوو؟ هەرنابێ! هاتوو ئەمن لەو دوو حەوتوویەدا مردم!

دوو ڕۆژ دواتر ئۆتۆمبێلیان هێنایە بەر دەرکی بەقاڵییەکە.

دیار بوو میسیۆ دەیزانی چ دەکا.

*****



میسیۆ چوو لە پشت ئۆتۆمبیلەکە دانیشت. زۆر بە تەقییەوە پەنجە شووشوباریکەکانی بۆ دوگمە جۆراوجۆرەکان دەبرد، دەیکێشان، دایدەگرتن، دەیهێنان و دەیبردن. بەپشتی دەستی ئارەقەی ناوچاوانی لادا، نەدەزانی چی بکات.

- مەمۆ! هیچم لە بیر نەماوە.

- خۆ کاتی خۆی دەتزانی؟

- بەڵێ زۆر پێش ئێستا، لە گەڵ عەبدوڵای ڕەفیقم. بەڵام...

- بەڵام...؟

- بەڵام ئەودەم ئۆتۆمبێلەکان ئاوا نەبوون.

میسیۆ برایم دەسەوەستان مابۆوە.

- میسیۆ ،ئەو ئۆتۆمبێلەی فێربووی لێیخوڕی، ئەسپ ڕایدەکێشا؟

- نا مەمۆ بچکۆلە، بە گوێدرێژان، گوێدرێژ.

- ئەی ئەوەی بە کابرای فرۆشیارت نیشاندا چ بوو؟

- کۆنە نامەیەکی عەولای برادەرم بوو کە باسی خەڵەوخەرمان و گوندەکەمانی دەکرد.

- ئێستا وەک کەر لە قوڕ چەقیوین!

- تەواو وایە، ڕاستدەکەی مەمۆ!

- وەک هەمیشە لە قورعانەکەت دا نەنوسراوە دەبێ چ بکەین؟

- ئەوە دەڵێی چی مەمۆ، بۆ پێتوایە قورعان دەفتەرچەی رێنوێنی بە کارهێنانی مەکینانە؟

لەودا تەنیا باسی ئەو شتانە کراوە کە پێوەندی بە دەرون و زاتی ئینسانەوە هەیە، نەک باسی ئاسنەواڵە. تازە ئەوسەردەمی کە قورعان نووسراوە خەڵک بە وشتر سەفەریان دەکرد.

- میسیۆ لەسەرەخۆ بە!

هەر چۆنێک بێ قەرارماندا بەیەکەوە بچین فێری سەیارە لێخورین بین. تەمەنەکەی من نەیدەکرد بۆیە میسیۆ بوو کە لێیدەخوری و منیش لە کورسی پشتەوە بە بەلاش گوێم بۆ مامۆستاکە رادەگرت و نەمدەهێشت " واو" یکیش بەزایەبچێ.

پاش هەموو وانەیەک ئۆتۆمبێلەکەمان هەڵدەگرت، دەچووم لە پشتی دادەنیشتم و شەوانە کە هامووشۆ کەمتر بوو، تەواوی شاری پاریسمان دەتەقاندەوە.

رۆژ لەگەڵ رۆژ باشتر دەبووم. بەم چەشنە هاوین داهات و ملی رێگامان گرتە بەر.

بە هەزاران کیلۆمیترمان برێ. شووشەکەنمان دادابۆوە و بەرەو باشووری ئوروپا دەرۆیشتین و نیازیشمان رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو.



گەڕیدەیی و دیتنی دونیا لەگەڵ میسیۆ برایم خۆشییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو.

من وەک چەقە بە سوکانی ئۆتۆمبێلەکەوە نووسابووم و نەمدەوێرا چاو لەسەر رێگا هەڵبگرم. میسیۆ برایمیش بە دەنگێکی ناسک وئامال تیژ، ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. باسی هەور وئاسمان، شار وگوند و دیمەنی جوان، هەرچی هاتبایە سەررێمان بە لاوژە و راوێژێکی خۆش بۆی دەگوتم.

لە راستیدا من ئوروپام نەدیت، ئوروپام گوێ لێبوو.

- بروانە مەمۆ! سەیری ئەو تەنەکەخۆڵانە بکە، ئەوە کەوتووینە گەڕەکی دەوڵەمەندان.

- تەنەکەخۆڵی چی؟

- ئەگەر دەتهەوێ بزانی کەوتوویە وڵاتێکی دەوڵەمەند یان فەقیر، سەیری تەنەکەخۆڵەکانیان بکە. ئەگەر تەنەکەخۆڵ و زبڵ دیارنەبوو، ئەوە لە وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندی. کە تەنەکەخۆڵت بینی، زبڵی بە دەورەوە دیارنەبوو، ئەوە دەوڵەمەندە و بەس. ئەگەر هاتوو تەنەکەخۆڵت بینی زبڵی بە دەورەوەیە، لە وڵاتێکی، نە دەوڵەمەند و نە فەقیری، وڵاتێکی توریستییە.

که زبڵت بینی و تەنەکەخۆڵ دیارنەبوو، ئەوە بزانە هەژارن. ئەگەریش خەڵکت بینی وا لە ناو زبڵەکاندا دەگەڕێن، بزانە لە وڵاتێکی زۆر فەقیری.

- ها ها  ئێرە دەوڵەمەندە.

- دەی جا وایە، ئێرە سویسە!

- نا مەمۆ بە ئوتوباندا مەڕۆ! ئوتوبان یانی مەوەستە و بڕۆ، ئێرە چی لێنیە بیبینی. ئوتۆبان بۆ ئەو گەمژانەیە کە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە زۆر بەخێرایی لە شوێنێکەوە بچنە شوێنێکیتر. خۆ ئێمە خەریکی هەندەسە و ئەندازیاری نین، ئێمە سەفەر دەکەین.

ئەم باریکە ڕێگایانە بگرە کە بەراستی ئەوەی بۆ بینین دەبێ، نیشانمان بدا.

- میسیۆ، باش بوو تۆ سەیارەکە لێناخوڕی، دەنا قەت...

- گوێ بگرە! ئەگەر حەز ناکەی هیچ کوێ ببینی، بە فڕۆکە سەفەر بکە.

- میسیۆ ، ئێرە فەقیرە؟

- بەڵێ، ئێرە ئالبانییە.

- ئەی ئێرە؟



- رایگرە! هەست دەکەی؟ بۆنی بەختیاری لێدێ. ئێرە یونانە.

خەڵکەکەی پەلەیان نیە، بەشێنەیی سەیری ئێمە و دەوروبەریان دەکەن. ئەم خەڵکە زیندووە، تێدەگەی مەمۆ؟

تەواوی ژیانم کارم کردووە بەڵام لەسەرەخۆ نەک بە پەلە. وەختم داوە بەخۆم، گوێم لەوە نەبووە ئێوارێ داخڵەکەم چەندی تێدادەبێ. نەشم هێشتووە مشتەری ئەو رەوشتەم لێبشێوێنێ.

لە سەرە خۆیی، رەمز و هێمای سەرکەوتنە.

کە گەورە بووی دەتهەوێ بە چییەوە خەریک بی؟

- نازانم میسیۆ، با، با، دەزانم. دەمەوێ ببمە بازرگان.

- بـــــــازرگـــــان؟

- چاکم دۆزیبۆوە. وشەیەکم دیتبۆوە کە میسیۆی گەشاندبۆوە، فیکەی سمێڵانی دەهات.

پڕ ناوەرۆک بوو. ئەم وشەیە بیری مرۆڤی بۆ سەفەر، کەشتی و باروبارخانە و سەرمایەی قورسوگران رادەکێشا. ئیشێکم گوتبوو هێندەی پیتەکانی قورس و گران بوو. بـــازرگـــــان!

- ئیزن بدەن،کوڕەکەم کە رۆژێک لە رۆژان دەیهەوێ ببێتە بازرگان، پێبناسێنم.

کۆمەڵێگ گاڵتەی لەو چەشنەمان کرد.

به چاوی نووقاوەوە بۆ زۆر شوێنی‌ئایینی دەبردم و دەیگوت: بۆن بکە وبڵێ؛ ئەم شوێنە سەر بە کام ئایینە؟

- لێرە بۆنی مۆم دێت، ئەمە شوێنی کاتۆلیکانە.

- راستە ئێرە" سانت ئانتۆنیۆ" یە[24].

- ئێرە بۆنی بوخوردی لێدێ کە واتە هی ئۆرتۆدۆکسانە.

- تەواوە، ئێرە " سانکتا سۆفیا" یە[25].

- ئێرە  بۆنی ئارەقەی گۆڕێیانی لێدێ، هی موسوڵمانانە. پف! لەو بۆنەی مێشکم چوو.

- چی؟ ئێرە " مزگەوتی شینە". یانی بۆ تۆ شوێنێک بۆنی ئادەمیزادی لێبێ، نرخی نیە؟ بۆ تۆ خۆت ئارەقەی ناکەی؟ لە شوێنێک بۆنی ئینسانی لێبێ قێزت دێتەوە؟ شوێنێک کە لە ئینسانەوە بۆ ئینسان دروست کرا بێ؟ ئای بێچووە پاریسی!!

من بۆخۆم بە بۆنی ئارەقەی ئەم گۆڕێیانە هەست بە ئاسایش و سوکنایی دەرون دەکەم و هەر ئێستا حاڵم زۆر باشترە.

لە ئیستانبوڵ بەولاوە میسیۆ هەر دەهات و کەم‌دوێ‌تر دەبوو، خەیاڵ هەڵیدەگرت، رەنگی دەگۆڕدرا و فرمێسک لە چاوەکانی‌دا پەنگیان دەخواردەوە.

---

24- Sant Antonio
25- Sankta Sofia



- بەزوویی دەگەینە کەناری ئەو دەریایەی لێیەوە هاتووم.

رۆژ لەگەڵ رۆژ حەزدەکا بەکاوەخۆتر رێگا ببڕین تاوەکو چێژی تەواو لە سەفەرەکە وەربگرێ. لەوانەیە لە لێخوڕینەکەی منیش زۆر ئەرخەیان نەبێ و بترسێ.

- ئەی کوا، ئەو دەریاچەیەی تۆی لێوە هاتووی؟ دا لە سەر نەخشە نیشانم بدە.

- نەخشە، نەخشە، توورەم مەکە! خۆ تۆ ئێستا لە قوتابخانە نی.

لە گوندێکی داوێن چیایەک رامان گرت.

- ئاخ چەند بەختەوەرم،مەمۆ! تۆ لێرەی و منیش دەزانم قورعانەکەم چی تێدایە. ئێستا بە تەمام لەگەڵ خۆم بتبەم بۆ سەماکردن.

- سەماکردن، میسیۆ؟

- پێویستە، پێویستە!  " دڵی مرۆڤ وەک باڵندەیەکە لە ناو قەفەسی لەش‌دا. " کاتێ مرۆڤ سەمایە دەکا، دڵ وەک باڵندەیەک دەس‌دەکا بە خوێندن و حەزدەکا بەرەو خودا بفڕێ." وەرە با بچینە تەکیە!

- کوێ؟

کاتێ پێمان نایە ژوورەوە، گوتم:

- حەی لەو دیسکۆیە!

- تەکیەیە، دیسکۆ نیە. تەکیە، خانەقایە. پێڵاوەکانت دانێ! مەمۆ!

لەمشوێنە بوو یەکەمجار بینیم پیاوەکان بە دەوری خۆیاندا دەخولانەوە. دەروێشەکان کراسێکی درێژ، داوێنفش، رەنگەش و نەرم لە قوماشێکی قورسیان لەبەردابوو. بە دەنگی دەفە، دەروێشەکان دەستیان بە سووڕان دەکرد.

- دەبینی مەمۆ چۆن لە دەوری خۆیان دەسووڕێنەوە. ئەوە بە دەوری دڵیاندا خولان دەدەن و خوداش لەوێیە. ئەوە جۆرە عیبادەتێکە.

- بەمە دەڵێی عیبادەت؟

- ئەدی مەمۆ، ئەوان هیچ خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ دونیای دەوروبەریان نامێنێ، تەنانەت ئەو سەنگەش کە ئێمە باڵانسی پێدەڵێین. خۆیان دەبن بە مەشخەل و لە گڕەکەیدا ون دەبن، ونبوونێک وەک سووتان.

- مەمۆ، تاقی کەوە! وەک من بکە!

من و میسیۆ برایمیش دەستمان کرد بە سووڕان و خولانەوە.

خولی یەکەم بیرم کردەوە:

*بە هاودەمی و دۆستایەتی میسیۆ برایم هەست بە بەختیاری دەکەم.*

پاشان بیرم کردەوە:

*ئیتر لە بابم کە ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیی، تووڕە نیم.*



بیرم کردەوە:

*لە ڕاستیدا دایکم چاری ناچار بوو کە ......*

- ئێستا چی مەمۆ، هەست بە خۆشییەکی تایبەتی ناکەی؟

- بەڵێ، بەراست خۆشە. هەرچی رقوقێن بوو لە لەشم چۆدەرێ.

ئەگەر دەفەلێدانەکەیان نەبڕیباوە، لە فریا دەکەوتم کە لەگەڵ دایکیشم یەکلای کەمەوە.

- بەراستی عیبادەتێکی خۆشبوو، میسیۆ! هەرچی لەش قورستر دەبێ، روح و دەرون سووکتر. بەڵام خۆزگە پێڵاوەکانی وەرزیشم پێبوایە.

لەورۆژە بەدواوە هەر تەکیە و خانەقایەک تووشی هاتباین لاماندەدا و زیکرمان لێدەکرد.

هێندێک جاران بۆخۆی سەمای نەدەکرد. بەدەم پیاڵە چایەکەوە دادەنیشت و لە گۆشەی چاوییەوە سەیری منی دەکرد کە وەک ماخولیایەک دەخولامەوە و سەمام دەکرد.

بەڵام لە راستیدا بۆیە دەخولامەوە تا دەرک و تێگەیشتن لە کیس نەدەم.

*****

شەوانە لە گۆڕەپانی گوندەکان لەگەڵ کچانی ئاوەدانی دەکەوتمە قسان، هەرچەند بێسوود بوو و هیچم دەسنەدەکەوت. میسیۆش بەدەم عارەقەکەیەوە، دەم بە بزەوە کە سەدان مانای لێدەکەوتەوە، دادەنیشت. کە چی زۆری پێنەدەچوو خەڵکی ئاوەدانی دەورەیان دەگرت.

- مەمۆ، زۆر دەجووڵێیەوە، ئەگەر دۆست و برادەرت دەوێ هێدیبە و دامەزرێ!

- میسیۆ پێتوایە ئەمن کوڕێکی ژیکەڵە و جوانم؟

- مەمۆ، ئەتۆ زۆر جوانی!

- نا، مەبەستم ئەوە نیە؛ دەڵێم پێتوایە ئەوەندە جوانم کە کچان بێ ئەوەی پارەیان بدەمێ خۆشیان بوێم؟

- با چەند ساڵێکی دیکە تێپەڕێ، ئەوکات ئەوە ئەوانن کە دەبێ پارەت بدەنێ.

- بەڵام ئێستا کەس نییە

- شتێکی روونە مەمۆ، تۆ نازانی چ دەکەی، چاویان تێدەبڕی وەک ئەوەی بڵێی: "سەیرکەن چەند جوانم؟" ئەوانێش پێتپێدەکەنن.

دەبێ بە چاوێک سەیریان بکەی، وەک بڵێی: "قەت جوانی وەک تۆم لە هیچ شوێنێک نەدیوە."



بۆ مەمانان واتە هی وەک من و تۆ_ نەک ئالێن دۆلێن[26] و مارلۆن براندۆ[27]_ مانای جوانی ئەوەیە کە لە ژندا دەیبینی.

دەمێکی باش روانیمانە ئاوابوونی خۆر کە خەریکبوو دەخزایە پشت کێوەکان و ئاسمانی دەوروبەری مەیلەو بنەوش هەڵگێرابوو.

تا شەودرەنگانێک بەدیار سەیریکردنی ئەستێرەکانەوە ماینەوە.

- یەکێک پەیژەیەکی لە پێشمان بەرزکردەوە و رزگاری کردین. ئینسان لە پێشدا مادە بوو، پاشان رووەک و دوایی حەیوان؛ ئەوەش کە حەیوان بووە ناتوانێ قەت لە بیری بکات و ئەم هەستەش زۆر جار بەرەو دوایەی دەگێڕێتەوە؛ پاشان بوو بە ئینسان، ئینسانی خاوەن ژیری، باوەڕ و زانست.

تۆ دەزانی مابەینی مادە بوون و ئەمڕۆ کە تۆی تێدای چەند دوور و درێژە؟

پاش تێپەڕکردنی ئەم قۆناخە، لە لەشی خۆت جیا دەبییەوە و دەبی بە فریشتە و لە سەر گۆیزەوی کارێکت نامێنێ.

ئەمە ئەو هەستەیە کە کاتی سەما و زیکر بە سەرت دادێ.

- نا، ئێ، وەڵا من چم وەبیر نایە، میسیۆ برایم تۆ وەبیرت دێ کە رووەک بووبی؟

26- Allen Dollen
27- Marlon Brando

- بەڵێ، ئەی پێتوایە کە لە دوکانێ، سەعات بە دوای سەعات لە سەر کورسیلەکەم دادەنیشم، خەریکی چم؟

ئەو رۆژەی میسیۆ برایم دەمێکبوو لێیدەدوا کە بگەینە رۆخی ئەو دەریایە کە شوێنی لەدایکبوونی بوو و عەبدوڵای رەفیقی لێدەژیا، گەیشت.

میسیۆ وەک گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، گشت بوونی ببوو بە حەز و ویست و حەجمینی نەبوو.

میسیۆ پێیخۆشبوو خۆی پێشتر بە تەنیا بچێتەوە و سەروگوێیەک بەئاو دابدا. بە منی گوت: لەبن دارە زەیتونێک چاوەڕوانی بم.

جەنگەی نیوەڕۆیە بوو. پاڵم وە دارەکەی دا و خەوم لێکەوت. کاتێک وەخەبەرهاتم، خۆر ئاوابوو. تا نیوەشەوێ هەروا چاوەڕوانی میسیۆ بووم، نەهاتەوە. هەر ئەو شەوە رێم داگرت، هەتا گەیشتمە ئاوەدانێک. خەڵکی ئاوایی بەرەوپیرم هاتن. هیچ لە زمانیان نەدەگەیشتم بەڵام لە شێوەی هەڵسوکەوتیان را دەردەکەوت کە منیان دەناسی. دەستیان گرتم و بردیانم بۆ ماڵێکی گەورە.

بە داڵانێکی دوور و درێژدا کە کۆمەڵێک ژنی لێ بوو، ئەژنۆیان لە باوەش گرتبوو و دەگریان، بردیانم بۆ لای میسیۆ برایم.

لە سەر جێگەوبانێک درێژیان کردبوو. تەواوی لەشی برینداربوو، رەشوشین هەڵگەڕابوو. ئۆتۆمبیلەکەی لە دیوارێک کوتابوو.



زۆر لاواز و بێ هێز دیار بوو.

کە خۆم بە سەر کێشا، چاوەکانی هەڵێنا و پێکەنی.

- مەمۆ سەفەرەکەم لێرە تەواو دەبێ.

- نا خۆ ئێمە نەگەیشتووینە ئەو دەریایە کە تۆ لە کەناریدا لە دایک بووی.

- من کەم و زۆر گەیشتوومێ. هەرچی رووبارە دەڕژێتە یەک دەریا، تەنیا تاقە یەک دەریا.

چیتر خۆم پێڕانەگیرا و دەستم کرد بە گریان.

- مەمۆ، بێتوو بگری پێم ناخۆش دەبێ

- بەڵام من خەمی تۆمە، میسیۆ

- من ناترسێم، مەمۆ! ئەوەی دەزانم کە لە قورعانەکەم دایە.

ئەوەی هەر نەدەبوو گوتبایە، ئەمە دەیان بیرەوەری خۆشی بیر خستمەوە و بە جارێک دڵم پڕ بوو.

- مەمۆ تۆ بۆخۆت دەگری نەک بۆ من. من ژیانێکی خۆشم هەبووە و ئێستاش پیر بووم.

ژنم هەبوو کە زۆر لە مێژ ساڵە مردووە بەڵام ئێستاش کە ئێستایە هەروا خۆشم دەوێ. عەبدوڵای برادەریشم هەبووە، سڵاوی منی پێبگەیەنە.

بەقاڵییەکەشم باشی ئیش دەکرد. شەقامی "شین"یش شەقامێکی جوانە با شینیش نەبێ. ئەتۆشم هەبووە.
بۆ ئەوەی دڵیم دابێتەوە، گریانەکم قوتداوە و چەکی "پێکەنینەکەم" خستە کایە و پێکەنیم.
زۆر خۆشحاڵ بوو. وەک وەی دەچوو ژانی کەمتر بوو بێ.
پێکەنیم
چاوەکانی لە سەر یەک دانا.
- میسیۆ برایم!
- شــ ...ش، پێویست ناکا نیگەران بی، مەمۆ! من نامرم. من لەگەڵ ئەبەدی‌یەت دەبم بەیەک.
بەم چەشنە تەواو بوو.

*****

ماوەیەکی باش لەوێ مامەوە. لەگەڵ عەبدوڵای برادەری زۆرمان باسی باوکم کرد. گەڵێک جاریشمان سەما کرد.
میسیۆ عەبدوڵا هەروەک میسیۆ برایم وابوو بەڵام تێکقرماو. دەریایەک بوو لە پەند و قسەی خۆش، هەڵبەست و هۆنراوە کە هەمووی لەبەر دەزانی. میسیۆ برایمێک بوو کە وەختی خۆی زۆرتر لە سەر خوێندنەوە دانا بوو تا ئەوەی لە پشت داخڵەی دوکانێ دابنیشێ.
ئەو کاتانەی لە خانەقایە زکرمان دەکرد و بە دەوری خۆماندا سوورڕمان دەدا پێی دەگوت: سەمای کیمیاگەر، سەمایەک کە لەشی مرۆڤ دەکاتە زێڕ، واتە خاوێنی دەکاتەوە.



زۆر جار لە زمان "رۆمی" [٢٨]یەوە دەیگوت:
***ئەوە زێڕ نی‌یە کە پێویستی بە مەحەکە، ئەوە لەشە،***
***بە خۆت داوەرەوە!***
***لێگەڕێ! ئەوەی بۆ مردنە بمرێ، ئەوەیش لەشی تۆیە؛***
***لێگەڕێ! ئەوەی مردووە، ژیانی بێتەوەبەر، ئەویش دڵی تۆیە.***
***لەبیرکە! دەروبەرت، کە دنیایە؛***
***ئەوەی لێرە دەس ناکەوێ دەستی بخە! کە هەرمانە.***
***ئەوەی ملۆزمە لە ناوی بەرە! ئەویش هەوەسە،***
***ئەوەی نیە، دەستی بخە! ئەویش مەبەستە.***

ئێستاشی لەگەڵ بێ کە خەموپەژارە روویان تێکردم ، سەمایە دەکەم. پەنجەکانی دەستێکم بەرەو ئاسمان بەرزدەکەمەوە، پەنجەکانی ترم روو بە زەوی دەگرم و خولان دەدەم.
ئاسمان لە سەر سەرم و زەوی لە ژێر پێم دەسووڕێن. ئیتر ئەمن، ئەمن نیم، بەڵکوو یەک لە ئەتۆمەکانم کە لە بەتاڵایی‌دا دەخولێنەوە، کە ئەویش خودی جیهانە.
وەک میسیۆ برایم زۆر جاران دەیگوت:
*ژیری، لێهاتوویی و خۆڕاگری "سەماکەر" لە گوێزینگی دایە و گوێزینگیش زۆر قوول دەڕوانێ.*

٢٨- لام وایە نووسەرمەبەست جەلالەدینی رۆمی‌یە/ وەرگێڕ

له گەڕانەوم دا بڕیارمدا میسیۆ گوتەنی دونیا ببینم و خەڵکەکەی بناسم، خەڵکیش بە کتێب ناناسرێ. بۆیە پشتی خۆم بە خودا بەست و لە سەر ڕێگاوبانان وەستام، دەستم لە ئۆتۆمبێلەکان هەڵدێنا و مزڵ بە مزڵ لەگەڵیان دەهاتم.

بەم شێوەیە بە سواڵوسەدەقە و شەوانە لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرە نووستن، خۆم گەیاندەوە ماڵێ. ئەو پارەیەشم کە میسیۆ عەبدولا کاتی ماڵاواییخواستن لە گیرفانی راکردبووم، دەستلێنەدا.

کە گەیشتمەوە پاریس، زانیم میسیۆ برایم تەکبییری لە هەموو شتێک کردبوو.

سەربەخۆ و ئازادی کرد بووم. دوکان و پارە هەرچی هەیبوو بە میرات بۆ منی بەجێهێشتبوو، تەنانەت قورعانەکەشی.

پارێزەرەکە پاکەتێکی ئامال کۆنی دایە دەستم. بە ئاسپایی کتێبە کۆنەکەم لێککردەوە بزانم قورعانەکەی میسیۆ برایم چی تیدایە.

لە ناو قورعانەکەدا دوو گوڵی ئیشک کراو و نامەیەکی عەولای برادەریم بینی.

ئێستا ئەمن ناوم مەمۆیە و تێکرای خەڵکی گەڕەکێ دەمناسن. ئەوەی کە ببمە بازرگان،  هەر ئەو قسەیە بوو کە کاتی خۆی بۆ میسیۆ برایمم کردبوو، دەنا قەت وەڕاست نەگەڕا.

جاروبار دایکم دێ سەرێکم لێدەدا. ئەویش بۆوەی تووڕەم نەکا هەر بە مەحەممەد بانگم دەکات و دەپرسێ: داخوا هیچ هەواڵێکم لە مووسا هەیە. منیش دەڵێم:



- ماوەیەک لەمەو بەر مووسا، پوپۆلی برای دۆزییەوە و بەیەکەوە چوونە سەفەر. وێش ناچێ جارێ بەم زووانە چاومان پێیان بکەویتەوە. ڕەنگ بێ زۆریش پێویست نەکات هێندەیان لێبدوێین.

دەمەساتێکی باش دەچێتە ناو بیرێکی قووڵ _ هەمیشە لەگەڵ من بە تەقییەوە دەدوێ و هەڵسوکەوت دەکات_ پاشان وەک سرتەم لەگەڵ بکات زۆر بە نەرمی دەڵێ:

- کە بیری لێدەکەمەوە، منیش هەروام پێ باشە. هێندێک سەردەم و بیرەوەری منداڵی هەن، کە دەبێ لەبیر بکرێن، تۆڕ بدرێن، وەرد نەدرێنەوە و قەت بۆیان نەگەڕێنەوە.

گوتم:

- زۆر حەزم لە دەروونناسی نیە و لێشی نازانم، ئەمن بابایەکم دوکاندار.

- مەحەممەد زۆر حەزدەکەم شەوێک میوانمان بی. مێردەکەم زۆر حەز دەکات لە نزیکەوە بتناسێ.

- چ کارەیە؟

- مامۆستای ئینگلیسییە.

- ئەی خۆت؟

- مامۆستای سپانیایی.

- جا باشە ئەی کاتی نانخواردن بە چ زمانێک بدوێین؟  نا گاڵتە دەکەم، بە سوپاسەوە دێم.

له رادەبەدەر پێی خۆش بوو کە بانگهێشتنەکەیم قبوڵ کرد. له خۆشییان کولمەکانی سوور هەڵگەڕان. هێندەی پێخۆش بوو دەتگوت سەت دەرگای گاڵە دراوم بەسەردا کردۆتەوە.

- بەراستیتە؟ دێی؟

- ئا ئا بێشک.

بە راستی سەیرە و جێگەی تێڕامان، دوو مامۆستای مووچەخۆری وەزارەتی پەروەردە بانگهێشتنی مەحەممەدی دوکاندار دەکەن بۆ ماڵی خۆیان.

جا بۆ نا، خۆ ئەمن رەگەزپەرەست نیم.

ئێستا ئیتر بۆتە پیشە، هەموو دووشەممۆیان بە خۆم و خێزان و منداڵەکانمەوە لەوێین. منداڵەکان بەڕاست ژیکەڵەن، بە مامۆستای سپانیاییەکە دەڵێن نەنە. خۆزگە ئێوەش بینیباتان کە چەندەی پێخۆشە. جاروبار لە سەرەخۆ لەمن دەپرسێ: خۆ پێت ناخۆش نیە منداڵەکان وام پێدەڵێن. منیش دەڵێم: نا قەی ناکا، منیش حەزم لە گەمەیە.

ئێستا ئیتر من ناوم مەمۆیە و خاوەنی بەقاڵییەکەی شەقامی "شین"م، ئەو شەقامە شینەی، شین نیە.

خەڵک پێم دەڵێن کابرای عەرەب.

عەرەب لە پیشەی بەقاڵیدا یانی، شەو ورۆژ ئاواڵە بوونی دوکان، تەنانەت رۆژانی یەکشەممەش.







**عومەر شەریف لە رۆڵی مسیۆبرایم لەگەڵ مەمۆ (وێنەی فیلم)**



گوڵەکانی ناو قورعانەکانەکەی میسیۆبرایم



مسیۆبرایم لەبەردەم دوکانەکەیدا